سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League

# ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی

**زنجیرە ووتارێك لە رادیو دەنگی فیدایی**
**بۆ شانەکانی سوور**
**جۆزەردانی ١٣٦٤ ی هەتاوی**

چاپی دووبارە لە : کومیتەی کوردستانی رێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست
گەلاوێژی ١٣٨٢ ی هەتاوی

**١- بۆ ڕەخنە دەگرین ؟**

**٢-لە چ شتێك و چۆن دەبێ ڕەخنە بگرین ؟**

**٣-ڕوانگەی حاکیم بە ڕەخنە گرتن چ دەبێ بێت ؟**

کاریگەیەکانی نیو سەدە ئوپورتۆنیزم و سات و سەودای حیزبی توودە و پاشان کاریگەریەکانی مائوئیزم کە بێ درەنگ و بە پشتیوانی هێزی چەند سەد ملیونی خەڵکی چین ، جێنشینی ئەم بیروبۆچوونانە ، بە تایبەت لە نێوان لاوانی شۆرشگێری وڵاتی ئێمە بوو ، لە ناوخۆی بزووتنەوەی چەپی ئێران فەرهەنگێکی جیا لە مارکسیستی باو کرد و لە نێوان چینی کرێکار و لاوانی لایەنگری کۆمۆنیزم ، بناغەی شێوەی بیروبۆچوون و شێوازێکی تایبەتیی دانا . کە ئاکامی ئەو شتێك نەبوو جگە لە جۆرەێك بێ بەند و باری ، بێ ئوسوڵی و لیبرالیزم . بڵاو بوونی ئەم بۆچوونانە هەر چەند لە دوو لایەنی بە تەواوی جیاواز ، یەکێك لە لایەن راست و ئەوەیتر لە لایەن چەپ ، زەبریان لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێران وەشاند . بەڵام کاریگەریەکانی ئەوان بە یەك رادە بوو ! هەر دوو بە شێوەێك پەرەیان دایە مارکسیزمی ئاکادمیك ، بێ بەند و بار. یەکەم بۆچوون پەرەی بە بێ بەند و باری لیبرالیزم دەدا و دووهەم بۆچوون وشك بوون و دواکەوتوویی بیر و بۆچوون ، ئاکام وەك یەکتر بوو : دوور کەوتن لە ئوسوڵی خوڵقێنەر و پرەنسیبەکانی شۆرشگێرانە و کۆمۆنیستی و بە هێز کردن و پەرە پێدانی بیر و بۆچوونەکان و مەیلەکانی کۆر و کۆمەڵی وردە بورژوازی ! ئەم بۆچوونە بەلارێ چووانە ، کاریگەریەکانی ڕاستەوخۆی لە هەموو ئاستەکان و بە تایبەتی لە شێواز و شێوەی چالاکی هێزەکانی لایەنگری کۆمۆنیزم ، بە شێوەێکی تەواو بە جێ دەهێشت . ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتنیش وەك یەکێك لە گرێنگترین لایەنەکان و ئامرازی بەرەو پێش بردن و هۆکاری گەشە کردن و رێکخستنی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی لەمە جیاواز نەبوو و بە توندی لە ژێر کاریگەری ئەم بە لارێ چووانە بوو .

یەکەم بۆچوون پەرە بە پاساودان ، فریوکاری ، و ڕەخنە قبووڵ نە کردن دەدا . دووهەم بۆچوون پەرە بە شواڵیە بوون ، وشك بوون ، خۆ فریو دان و ڕەخنە قبووڵ کردنی بێ ناوەرۆك و بێ مانا دەدا ! یەکەمی کە بە شێوەێکی ئەساسی نەیهەویست ئاڵ و گۆر لە خۆی و کۆمەڵگا پێك بێنێ ، هەمیشە و هەموو کات لە ڕەخنە بە نیسبەت خۆی و گروپی خۆی چاوپۆشی دەکرد و دووهەمی تەنیا بە ڕواڵەت و بە قبووڵ کردنی ڕەخنەکانی یەك بە دوای یەك ، بەڵام بێ ناوەرۆك ، هەمیشە وەك ئەسبی عەساری لە سەر هەڵەکانی خۆی ڕاوەستا بوو و هندێك جار ئەوەندە خۆی دیلی ڕواڵەت کردە بوو کە توانای رزگار بوون لە چوارچێوەی

تەسکی داهێنەرانی خۆی کە بۆ فریوکاری دژی خۆی دروستی کردە بوو ، بە تەواوەتی لە دەست دەدا . ئاوا بۆچوونێك هەمیشە و هەموو کات لە هەر چەشنە هەڵس و کەوتی خۆڵقێنەر لە گەڵ بابەتەکان دادەمێنێ ، دەرواتە لای پاسیفیزم و بێ کردەوەیی و توانای ئاڵ و گۆری خۆی و کۆمەڵگا بە تەواوی لێ گیراوە . چەپ بەرەو لای ڕاست دەچێ و تووشی چارەنووسی ئەو دەبێ .

هەرچەند لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران ئەم دوو بۆچوونە روو بە نەمان و مەرگە و سەرنجی کرێکارانی کۆمۆنیست بۆ لای خۆی ڕاناکیشێ ، بەم حاڵەدا لێرە و لەوێدا زۆر کەسایەتی و پاشماوەی ئەم بەلارێ چووانە دەبیندرێن کە بە گیان سەختی بێ سنوور درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن . ئەمڕۆ کە چینی کرێکاری ئێران دەچێ تاکو حیزبی سیاسی خۆی دامەزرێنێ ، ئەمڕۆ کە پرولەتاریای تێگەیشتووی ئێران دەچێ تاکو بە تێگەیشتنی بنەڕەتی لە پەروەردەکانی خۆڵقێنەری مارکسیزم ـ لینینیزم ، بورژوازی لە دەسەڵات بە ژێر بکیشێ و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی دامەزرێنێ ، بە جێیە تاکو هەر ئەوەی کە موری دواکەوتوویی و کۆنە پەرەستی لێدراوە ، فڕێ بدرێ و شێوە و شێوازەکانی کۆمۆنیستی جێنیشینی هەرچەشنە بەلاڕی چوونێکی ڕابردوو بێت . کۆمۆنیستەکان دەبێ ڕێگا و شێوازی نوێی هەڵس و کەوت لە هەموو زەمینەکان ، لە هەموو و هەر چەشنە پاشماوەی بۆچوونەکانی بەلارێ چووانەی کۆن پاك کەنەوە .

## ٢- شێوەی ڕەخنە گرتنی کۆمۆنیستی

هەر جار کە قسە لە ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن دەکرێ ، بێ درەنگ ئەم هاورێیانی ئێمە بیر لەمە دەکەن کە بەڵێ ، لە تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی ، لە لاوازیەکان و هەڵەکان دەبێ نەترسین ، لاوازی و هەڵەکانی تاکەکەسی و تەشیکلاتی دەبێ بێ بەرەئیانە ڕەخنە لێیان بگرین ، بە شێوەیکی راست و دروست ڕەخنە لە خۆ بگرین ، لاوازیەکانی خۆمان بناسین و بۆ چاککردنەوەیان تێ بکۆشین . ئەم کارە خۆ بە خۆ کارێکی دروستە . تەنیا بەم مەرجە کە وەك جێنشینی رفلکسی و تەنیا رفلکسێك لە بەرانبەر مەیلەکانی پاساو دانەوە و ڕەخنە قبووڵ نەکردنی میراتی حیزبی تاودە ، بۆ ئێمە بە جێ نەما بێت .

تەنیا بەم مەرجە کە نەگاتە دروستکردنی ڕواڵەت و کلیشە سازی ، چۆنکە لەم حاڵەدا بە شێوەیێکی حەتمی دەگۆرێتە کارێکی خۆ بە خۆیی و ئەو شتەی کە لە سەرەتاوە لەوەێ ڕای دەکرد . و هەروا بەم هۆیەیە کە زۆر جار هاورێیانێك بینیمانە کە لاوازیەکانی خۆیان دەناسن ، هەمیشە ڕەخنە لە خۆ دەگرن ـ بە شێوەیێکی راست و دروستیش ڕەخنە لە خۆ دەگرن .



بەڵام هەمیشە هەمان لاوازی و هەڵەیانە کە خۆیان باشتر لە هەر کەسێکیتر دەیان ناسن ، لە بوارەکانی چالاکی و هەڵس و کەوتیان دووپات دەبێتەوە و دیسان دووپاتی دەکەنەوە . ئەمە نموونەیێکە لە جێنیشینی رفلکسی لە بەرانبەر مەیلەکانی ڕەخنە هەڵنەگر و گوایە ئەمە راستە کە هەم ئەم تاقمە لە ڕەخنە گران و هەم ئەو هاورێیانە کە ئەم چەشنە رەخنانە قبوولێیان هەیە ، و لە کاتی دووپات کردنەوەی دیسان قبووڵی دەکەن ، هیچ کامیان تێگەیشتنێکی دروستیان لە ناوەرۆکی راستەقینەی ڕەخنەی کۆمۆنیستی نیە و سەرەرای هەموو راستی و دروستی کە لە کار و چالاکی خۆیان بە کار دێنن ، هێشتا ناتوانن سنووری نێوان راستی کۆمۆنیستی و ئاشکرا قسە کردنی وردە بورژوایی لە یەکتر جیا بکەنەوە .

شانەکانی کۆمۆنیستی بە دووری کردن لەم شێوەیە لە هەر کارێکی ڕەخنەگرانە ، پێش لە هەر شتێك دەبێ بە بابەتی ڕەخنە ، بە دیدێکی ڕەخنەگرانەی کۆمۆنیستی بڕوانن . دەبێ ناوەرۆکی کۆمۆنیستی ڕەخنە و لە خۆ ڕەخنە گرتن بناسن ، دەبێ بزانن کە لە چ شتێك و بۆ چی ڕەخنە دەگرن و لە بەر چاو بگرن کە ڕوانگەی حاکیم بە سەر ڕەخنە گرتن ئامرازێکە بۆ گۆرینی راستیەکان ، ڕەخنە گرتن ئامرازێکە بۆ گۆرینی شێواز ، بۆ پەرەساندنی بیر کردنەوە و شعوور ، ڕەخنە گرتن ئامرازێکە بۆ ڕەت کردنی شتەکانی کۆن و پەرەساندن بەرەو بارودۆخی نوێ . هاورێك کە زۆر جار ڕەخنە لە هەڵەکانی خۆی دەگرێ ، بەڵام هەمیشە هەڵەکانی ڕابردوو دووپات دەکاتەوە ، لە راستی دا پەیوەندی زەین و عەین ناناسێ . کەسێکە کە بە زەین و شعووری خۆی یاری دەکات ، بێ ئەوەی کە شتەکانی پەرە پێدەری راستیەکان بدۆزێتەوە و هۆکارەکانی ئاڵ وگۆر پێکەری ئەو بناسێ !

کاتێك دەڵین ، ڕەخنەگرتن دەبێ بە مەبەستی لابردنی هەڵەکان و بەلارێ چوونەکان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرەکانی نوێ ئەنجام بدرێ ، کاتێك دەڵین ڕەخنەگرتن دەبێ بۆ گۆرینی راستی و ڕەت کردنی بارودۆخی داسەپاوە و جێگیر کردنی ئەو لە گەڵ بارودۆخی نوێ ئەنجام بدرێ ، کاتێك دەڵین ڕەخنەگرتن ئامانجی خۆی لە بە کار هێنانی ئەزموونەکان ، بەرز کردنی ئاستی تێگەیشتن ، پەرەساندنی شعوور و بردنە سەرەوەی توانایی و بە هێز کردنی ئێرادە ، بۆ ئاڵوگۆر و پەرە پێدانی بارودۆخی نوێ دادەنێ ، بۆیە دەبێ پێش لە هەموو شت بڵین ، ڕەخنە گرتن دەبێ لە هەر چەشنە هەڵس و کەوتی شەخسی بە دوور بێت .

هەڵبەت بە ڕواڵەت ئەم ئەسڵە قبووڵ کراوە و ئەو تاقمە لە هاورێیان کە ڕەخنە لە خۆ گرتن کردوونەتە کارێکی هەمیشەیی و ماندوو کەر ، لەوانەیە زۆرتر لە کەسانیتر خۆیان بەم ئەسڵە وەفادار بزانن . بەڵام تەنیا ئەم قبووڵ کردنە بەس نیە . پێش مەرجی ئەمەی کە

بزانین چۆن کارێکی ڕەخنەگرانە نابێ بگۆڕێتە ئامرازێک بۆ پاک کردنەوەی حساباتی شەخسی و گروپی ، پێویستە بزانین بە شێوەیێکی ئوسوڵی ، بۆ چی شێوەکانی بەلاریێ چووانەی ڕەخنەگرانە دەگۆڕێتە کارێکی شەخسی ؟!

هەروا کە دەزانین ئامانجی کۆمۆنیستەکان گۆڕینی کۆمەڵگای چینایەتی لە شێوەی کۆن بە شێوەی نوێ و بێ چینە . ئامانجەکانی کۆمۆنیستەکان گۆڕینی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتیە و نەک گۆڕینی تایبەتمەندی و کەسایەتی مرۆڤەکان ، چۆنکە ڕەفتار و تایبەتمەندیەکانی هەر مرۆڤێک لە ئاکامی گۆڕینی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیێکی حەتمی دەگۆڕێ . بەڵام ئەم گۆڕانکاریە و بە تایبەتی لە گۆڕین لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ سوسیالیزم بە شێوەیێکی ڕاستەوخۆ و خۆ بە خۆیی روو نادات ، بەڵکو ڕۆڵی شعووری کۆمەڵایەتی و مرۆڤی تێگەیشتوو ، خۆی لە کاتەکانی دیاریکراو دەبێتە هۆکاری دیاریکەری ئەم گۆڕانکاریانە . بۆیە کۆمۆنیستەکان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا ، یەکەم دەبێ خۆیان و پێک هێنەرانی شعووری کۆمەڵایەتی بگۆڕن ، دەبێ هێزەکانی بزوێنەر و بەرەو پێش بەر ، مرۆڤەکانی تێگەیشتوو و کۆمۆنیست پەروەردە بکەن . حیزبی کۆمۆنیست وەک پێکهاتی پێشرەوی ئەم گۆڕانکاریانە ڕۆڵی بەرچاو دەبینێ . دروست لەم جێگایە دایە کە ڕۆڵی مرۆڤەکان و کەسایەتیەکان هەندێک جار ئەوەندە گرێنگ دەبێ کە دەتوانێ لە خێرایی پەرەساندن و یان بە پێچەوانە خاو کردنی بەرەو پێش ڕۆیشتنی ئەم گۆڕانکاریە ، کاریگەر بێت . و دیسان لێرە دایە کە هەر چەشنە تێگەیشتنی بەلاریێ چووانە و هەڵس و کەوتی شەخسی زەمینەی بۆ خۆش دەبێ تاکو خۆی ئاشکرا بکات ، و بە تێگەیشتنی بەلاریێ چووانە پەرە دەدرێتە مەیلەکانی شەخسی . لێرە دایە کە لە کاتی بوونی تێگەیشتنی بەلاریێ چووانە لەم گۆڕانکاریانە ، ئامراز دەبێتە ئامانج و دیمەنی بەرەو پێش چوونی گشتی گۆڕانکاری ، لەوانەیە لە بیر بچێتەوە . تەنیا بەسە هەر کەسێکی لایەنگری کۆمۆنیزم بۆ ساتێک ئامانجی کۆتایی جوولانەوەی ئاڵ و گۆڕ پێکەری کۆمەڵایەتی لە بیر بکاتەوە . تاکو ئەم ئامرازە بۆ خۆی بکاتە ئامانج ، تاکو هەڵس و کەوتەکانی شەخسی و یان گروپی بۆ خۆی بکاتە ئەسڵ ، تاکو خۆی لە هەموو کەسێکیتر زاناتر بزانێ . ئاوا کەسانێک لە دیدی ئێمە کەسانێکی خاوەن بیری کورت و بێ مێشکن کە هیچ کات زۆرتر لە بەر دەم خۆیان نابینن .

هەر ڕەخنەیێک دەکەنە هۆکاری سەرکوتی کەسانیتر و یان لە هەر ڕەخنەیێک ، سەرکوتی خۆیان لێ ئاکام وەردەگرن . بەپێچەوانە ، کۆمۆنیستەکان لە گەڵ هیچ کەس و هیچ شتێک بە شێوەی شەخسی هەڵس و کەوت ناکەن . کۆمۆنیستەکان گۆڕانکاری و پەرەساندنی شعوور و تێگەیشتنی مرۆڤەکان بۆ پەرەساندنی شعوور و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و بۆ گۆڕانکاری لە



پەیوەندیەکانی ئابووری– کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن . کۆمۆنیستەکان بۆ لە ناو بردنی چەوساندنەوە شەڕ دەکەن ، کۆمۆنیستەکان بۆ لە ناو بردنی چینەکان ، لە ناو بردنی خاوەن مڵکایەتی تایبەتی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بێ چین خەبات دەکەن ، نەک بۆ قازانجەکانی ئەم کەس یان ئەو گروپ . لەم ڕێگا و شێوازەی کۆمۆنیستەکان هەڵس وکەوتەکانی شەخسی هیچ جێگا و شوێنێکی نیە و شوێنێکی تایبەتی بۆ نیشان دانی مەیلەکانی شەخسی بوونی نیە . ئەگەر دەتانهەوێ پاشماوەکانی ئەم شێوە بیر و بۆچوونە بەلاریێ چووانە و شێوازەکانی نامارکسیستی لە هێزەکانی بە ڕواڵەت چەپی ئێران بناسین ، تەنیا بەسە بە نموونەکانی زۆر روون لە هەڵس و کەوتی ئەو هێزانەی کە خۆیان مارکسیست– لینینیست دەزانن بڕوانین تاکو نموونەکانی روون و ئاشکرای ئەو بە فراوانی و لە ڕادەی زۆر بە چاوی خۆتان ببینین . ئەگەر حیزبی توودە وەک سیمای ئوپۆرترنیزم و نەفرەت لێکراوترین لایەنگر و سەرچاوەی بۆچوونەکانی راست وەلا نین ، ڕێکخراوەکانی بە ڕواڵەت چەپیش دەبینین کە سەرەرای ڕەخنە گرتنەکانی پەسا ، پەسا لە خۆیان ناتوانن هیچ چەشنە ئاڵ و گۆڕێک بە سەر شێوە و شێوازی چالاکی خۆیان بهێنن و ئەم ڕەخنانە هیچ کاریگەرێکی نیە لە سەر شێوە و شێوازی چالاکی ئەوان و یان هێندێک لە هێزەکانی بە ڕواڵەت چەپ نەک بە شێوەیێکی ئەساسی ڕەخنە لە خۆ ناگرن ، بەڵکو پێیان وایە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیان جگە لە شاکارەکانی زانایانە و داهێنانی شانازیانە ، هیچ کەم و کوڕێکیان نەبووە و نیە و بە خێالی خۆیان وەک ئاڵا هەڵگری هێزیکن کە بە شێوە و شێوازی بە تەواوەتی کۆمۆنیستی سەریان لە هیلکە دەرهێناوە . سەرەرای هەموو جیاوازیەکانی بە رواڵەت ، بەڵام لە ناوەرۆک دا ، لایەنێکی هاوبەشی ئاشکرا لە نێوان ئەم ڕەوتانە دەبیندرێت . ئەم لایەنە هاوبەشە ئەمەیە کە هەر سێی ئەم ڕەوتانە زۆرتر لەوەی کە بە ئالوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و کاریگەرەکانی حەتمی خۆیان بە سەر پرۆسەی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا بڕوانن ، سەرنج دەدەنە دیفاع کردن لە کۆڕ و گروپی خۆیان و تەنیا بیر لە پاساو دانەوەی خۆیان دەکەن . تەنانەت ئەوانەی کە زۆرتر لە خۆ ڕەخنەی توونەتریش دەگرن ، بە جێگای ئەوەی کە تێ بکۆشن بە شێوە و شێوازێکی دروست لە هەلەکانی خۆیان ڕەخنە بگرن ، ڕەخنە لە خۆ گرتنیان کردووتە سەنگەرێک بۆ بەرپەرچ دانەوەی ڕەخنەی کەسانیتر ، واتە ئامرازێک بۆ ڕزگار کردنی کۆڕی خۆیان ، ئەم ڕەوتانە ڕەخنەکانی ناراستەقینەیان کردووتە ئامرازێک بۆ پاراستنی بارودۆخی حاکیم و نەک وەک هۆکارێک بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە .

لە بزووتنەوەی کرێکاری جیهانیش لەم جۆرە بۆچوونانە کە تایبەتە بە کۆرەکانی کە ڕەخنە گرتنیان کردووتە ئامرازێک بۆ پاراستنی بارودۆخی حاکیم و قازانجەکانی گروپی و کۆری خۆیان ، بە زۆری دەبیندرێ . بەرچاوترینی ئەم نموونانە دەتوانین لە شێوەی بیر کردن و شێوەی کار و چالاکی ترۆتسکیستەکان ببینین . ترۆتسکیش خۆی وەک تیئۆریسیەنی ئەم بۆچوونە لە تەواو دەورانی شۆرشەکانی رووسیا ، خۆی وەک ناوەندی ئالّ و گۆرەکان دەزانی و لە ڕەخنە گرتن لە بلّشویکەکان سەرەرای تێ گەیشتنی بە پێچەوانە لە بابەتەکانی شۆرش ، هەمیشە خۆی وەک راهێنەری جوولانەوەکانی سەرکەوتووی پرۆلەتاریای رووسیا دەزانی . تا ئەو جێگایە کە تەنانەت بە ڕای خۆی پێ وا بوو کە گوایە سەرکەوتنی شۆرشی ئوکتوبەریش نەک لە سەر ئەساسی شێوە و شێواز و پروگرامی بلّشویکەکان و لە ژێر کاریگەری رێنمائیەکانی زانایانەی لینین ، بەڵکو لە سەر ئەساسی « ڕوانگەکانی ئەو » بە ئەنجام گەیشتووە .

لە بەرانبەر هەر چەشنە بۆچوونێکی بە لارێ چووانەدا ، مانیفستی کۆمۆنیست ، شێوەی ڕەخنە گرتنی کۆمۆنیستی دیاری دەکات :

« لە کۆمەڵگای بورژوازی ، ڕابردوو بە سەر ئەم کاتەدا زالّ و حاکیمە ، لە حالێکدا لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ، ئەو کاتەی کە لەوێ داین بە سەر ڕابردوو حوکم دەکات . »

مانیفستی کۆمۆنیست بەم ووتەیە ، روون دەکات کە جگە لە پرۆلیتاریا کە ئیرادەی کردووە بۆ ئالّ و گۆرەکانی کۆمەلاّیەتی و بۆی هەنگاو هەڵدەگرێ ، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلاّیەتی جگە لە پاراستنی هەل و مەرجەکانی ئێستا و بارودۆخی خۆیان ، بیر لە شتێکی‌تر ناکەن .

یەکەمین و ئەساسی‌ترین ئەسلّی ڕەخنە گرتنی کۆمۆنیستیش دەبێ  بە شێوەیێکی حەتمی  و بێ  ئەم  و ئەولا ، ئالّ و گۆر لە بەرچاو بگرێ .

هەروا کە ووتمان ، ڕەخنە گرتن لە ڕوانگەی کۆمۆنیستی ، ئامرازێکە کاریگەر بۆ زالّ بوون بە سەر بارودۆخی ئێستا و گۆرانکاری بەرەو بارودۆخی نوێ . ڕەخنە گرتن ئامرازێکە بۆ ڕەت کردنی هەل و مەرجەکانی کۆن و ڕۆیشتن بەرەو هەل و مەرجەکانی نوێ . کۆمۆنیستەکان لە رێگای ڕەخنە گرتن ، هەڵەکانی ڕابردوو دیاری دەکەن تاکو رێگا چارەسەری داهاتوو بدۆزنەوە . بۆیە لە ڕەخنە گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی ، یەکەم هەڵس و کەوتەکان و بۆچوونەکانی شەخسی هیچ جێگایێکی نیە و ، دووهەم هەر ڕەخنە گرتنێک بە شێوەیێکی حەتمی و پێویست دەبێ ببێتە هۆکاری گۆرانکاری . بە واتای‌تر ڕەخنە گرتن ئامرازە نەک ئامانج . و هەر کات و بە هەر شێوەیێک ڕەخنە گرتن ئەگەر ببێتە ئامانج ، ناوەرۆکی راستەقینەی خۆی لە دەس



دەدات و جگە لەو دروشمە پووچەڵەی « ڕەخنە گرتن بۆ ڕەخنە گرتن » شتێکی لێ بە جێ نامینێ . لەم باسەدا هەروا نیشانمان دا کە تێکەڵ بوون بە لیبرالیزم چۆن روو دەدات ! ئێوە بەسە کە لە هەر تێگەیشتنێک ، لە ناوەرۆکی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتن چاوپۆشی بکەین تاکو مەیلەکانی بورژوایی بە هێز بکرێت و لیبرالیزم زیندوو بێتەوە ، تاکو تووندترین دروشمەکان ببێتە شتێکی پووچەڵ و بێ ناوەرۆک یان دروست تر بڵین ببێتە دروشمێکی بورژوایی . لە هەر تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستیش هەر کات ڕُخنە گرتن ببێتە ئامانج و وەک ئەرکێکی هەمیشەیی و تەنیا بۆ ئەوەی بڵین کارێکمان کردووە ، ئەنجام بدرێ ، دڵنیا بن سەرەرای هەموو هەولّ و تێکۆشانی لە خۆ بردووانە و راست بۆ گۆرینی بارودۆخ ، مەیل بۆ پاراستنی بارودۆخی ئێستا بە خێرایی بە هێز دەبێت . پاسیفیزم و بێ کردەوەیی حاکیم دەبێ ، ڕاوەستان و سستی جێگای چالاکی دەگرێ و لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی جگە لە کۆرێکی بورژوایی و این لە باشترین حاڵدا تاقمێکی وردە بورژوایی ، شتێک بە جێ نامینێ !. لە درێژەی ئەم باسەدا و بە مەبەستی ئاشنا بوون لە گەڵ شێوەی ڕەخنەگرتنی کۆمۆنیستی لە پەروەردەکانی زانایانەی مارکس دەس پێ دەکەین . ئەو لە ڕەخنەگرتنی شۆرشەکانی کۆمەلاّیەتی لە هەژدەهەمی برومر لویی بناپارت ، دەڵێ :

« شۆرشەکانی بورژوایی لە جۆری شۆرشی سەدەی هەژدەهەم بە خێرایی لە سەرکەوتنێک بە سەرکەوتنێکی دیکە دەگەن ، دیمەنە شکۆدارەکانی ئەوان یەکێک لەوەی‌تر زۆرترە . مرۆڤەکان و کەل و پەلەکان دەڵی لە ژێر تیشکی ئەڵماسن . حاڵەتی سەرنج ڕاکێشەری ئەو ڕەنگدانەوەی رۆحی هەر رۆژەیە ، بەلاّم ئەم حاڵەتە خێرایە ، بە خێرایی دەگاتە لووتکەی خۆی و کۆمەڵگا پێش لەوەی کە بتوانێ بە سەرلەخۆیی لە دەسکەوتەکانی دەورانی زریان و هێرشی خۆی تێ بگات ، تووشی خەونێکی درێژخایەن دەبێت . بەلاّم شۆرشەکانی پرۆلەتری واتە شۆرشەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە پێچەوانە ، بەردەوام لە خۆیان ڕەخنە دەگرن ، بەردەوام ڕادەوەستن و گۆمان دەکرێ دەگەرنەوە بۆ ئەوەی کە ئەنجام دراوە تاکو بۆ جارێکی‌تر ئەنجامیان بدەن ، تایبەتمەندی نیوە تەواو و لایەنەکانی لاوازی و بێ هێزی تێکۆشانەکانی سەرەتایی خۆیان بە شێوەیێکی بێ بەزەئیانە دەخەنە بەر ڕەخنە و سەرکوتیان دەکەن ، دوژمنی خۆیان دەڵی تەنیا بۆ ئەوەی لە زەوی دەدەن تا لە زەوی هێزی تازە وەرگرێ و بۆ جارێکی‌تر وەک دێو دژی ئەوان هەستێ ، لە بەرانبەر دێوی نادیاری ئامانجەکانی خۆیان ئەوەندە پاشەکشە دەکەن تاکو لە کۆتایی‌دا بارودۆخێک پێک دێت کە هەر چەشنە رێگای گەرانەوەی ئەوان لە ناو ببات و ژیان خۆی بە هاواری بەرزی خۆی رابگەیێنێ :

« ئەمە تۆپ و ئەمە گۆرەپان »

ناوەرۆکی ووتەکە ئەمەیە . ئەگەر شعووری کۆمەڵایەتی بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتیە ، ئەگەر فاکتۆری شعوور لە چالاکی بەکردەوە ڕۆڵی ناسەرەکی و پەیڕەو دەبینێ ، ئەو کات زۆر روون و ئاشکرایە ، ڕەخنەیێک کە ئامانجی هێرشی ئەو ، گۆرینی راستیەکانی دەست و پێ گیرە ، ناتوانێ تەنیا پاڵپێوەدەری فاکتۆری شعوور بێت . بە واتای سادەتر شوێنی کاریگەری هەر ڕەخنەیێک دەبێ لە بارودۆخی ئێستا دەس پێ بکات . ڕەخنەگرتن دەبێ لە هەر بارودۆخێک بە بارودۆخێکیتر ، قۆناخی پەرەئەستێنەر بدۆزێتەوە . مارکسیستەکان بە جێگای ئەوەی کە بە شوێن هۆکارەکانی ئاڵ و گۆر پێکەر لە زەینی خۆیان بگەرن ، هۆکارەکانی مادی وەک ئەساس دادەنن . تەنیا ئیدەئاڵیستەکانن کە لە زەینی خۆیان بە شوێن خەون و خەیاڵی گۆرینی راستیەکان دەگەرن ، تەنیا مەتافیزیسیەنەکانن کە وا بیر دەکەن کە هەر چ کە لە زەینی ئەوان دەگۆرێ هەروا لە راستیدا توانای گۆرینی هەیە ! ڕەخنەگرتنەکانی یەک بە دوای یەک و بێ ئاکامێک کە نابێتە هیچ هۆکارێکی پێشکەوتن ، لەم ڕوانگەیە سەرچاوە دەگرێ . لە نموونەیێکی سادە دەس پێ دەکەین . ئەمە دیدێکی بە تەواوی مەتافیزیکیە ، هەر کات هاورێانی کۆمۆنیستی ئێمە گۆمان بکەن ، هەر هاورێکی کرێکار کە دێتە ریزی ئێمە ، بە شێوەیێکی حەتمی دەبێ لە هەمان سەرەتاوە کۆمۆنیستێکی تەواو عەیار بێت و خاوەن هەمان ڕەوشت و تایبەتمەندی و لێهاتووئیە بێت کە کادێرێکی بە ئەزموون و کارئامە هەیەتی . لە هەر زەمینەیێکی ڕەخنەگرانە و پێش لە هەر شتێک ، دەبێ بە پرۆسەی پەرەساندن و قۆناخەکانی روو بە گەشەسەندنێک کە هاورێکی کۆمۆنیست ، یان بەشێک لە تەشکیلات و یان تەواوەتی بزووتنەوەی کرێکاری لە بەر دەگرێ ، سەرنج بدەین . دەبێ هەموو حاڵەتەکان لە بەردەوامی چالاکی و بەرەو پێش چوونیان بکەوێتە بەر هەڵسەنگاندن و ئەو کات بڕیاری لە سەر بدەین .

بۆیە مارکس ، بە تایبەت ئەم بیرە بە لارێ چووانەیە کە یاساکانی ژیانی ئابووری بۆ ڕابردوو و ئێستا یەک جۆر دەزانێ ، ڕەت دەکاتەوە . و بە پێچەوانە ، لە سەر ئەم ئەسڵە پێ دادەگرێ کە هەر دەورەیمێژوویی دیاریکراو یاساکانی تایبەت بە خۆی هەیە . لە هەر ڕەخنەیێک بەم یاسانە و ئەم بارودۆخە بە شێوەیێکی حەتمی دەبێ ورد بین . ئەم یاسایە لە ڕەخنەگرتن لە شانەیێکی بچووک ، ڕەخنەگرتن لە ئەندامێکی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی تاکو ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگایێک بە یەک شێوە کار دەکات . بۆ نموونە کاتێک هاورێک لە شانەیێکی سوور تووشی هەڵەکانی یەک بە دوای یەک دەبێت ، یان ئەو ئەرکانەی کە پی ڕاسپاردراوە ،



ناتوانێ ئەنجام بدات و یان تووشی هندێک لاوازیە کە سەرەرای ناسینی ئەوان ، ناتوانی کار و چالاکی خۆی رێک و پێک بکات ، دەبێ بەرپرسایەتی ئەو تەشکیلات بگۆردرێ ، ئەرکێک کە بە ئەو دەسپێردرێ دەبێ لە ڕادە و ئاستی توانایی و یان لێهاتوویی ئەو بێت .لە هەمان حاڵدا دەبێ یارمەتی بدرێت تاکو لە قۆناخەکانی دوایی و لە مەودای پرۆسەیێک لە چالاکی ، لاوازی خۆی لە ناو ببات و بکاتەی خاڵی بە هێز لە خۆیدا ، ئەم کارە سەر ناگرێ تا ئەو کاتەی کە شانە یان بەرپرسانی سەرەوەی شانە ، بارودۆخی چالاکی ، ڕادەی توانایی و ڕەوشت و تایبەتمەندی شەخسی ئەو بناسن ، خاڵەکانی لاوازی و بە هێزی ئەو بناسن و لەو شوێنەی کە ئەم هاورێە لەوێ پەروەردە بووە و یان لەوێدا چالاکی دەکات ، زانیاری بەسیان بێت . ئەوەی کە لەم بوارەدا لە هەموو شت روون تر لە بەرچاو دێت ئەمەیە کە زانینی لاوازی و هەڵەکان لە لایەن ئەم هاورێە ، خۆی تێگەیشتنی راستەقینە نیە ، نە راستەقینە و لە سەر ئەساسی زانینی ئوسوڵی و تەواو لە بارودۆخی خۆی . مەبەست لەم نموونەیە زۆرتر شێوەی بیر کردن و دیدێکە کە هەر بیرێکی ڕەخنەگرانە دەبێ بە سەر شێوەی کار و چالاکی ئێمە زاڵ بێت .

ئەم نموونەیە لە زۆربەی بوارەکانیتر وەک لە شێوەی ڕەخنەگرتنی سوسیالیستەکانی خەیاڵی لە کۆمەڵگا لە سەدەی هەفدەهەم و هەژدەهەم رووی دا . زۆربەی سوسیالیستەکانی خەیاڵیش سەرەرای راستی و ئیمان بە داخوازیەکانی زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا ، ئاڵ و گۆرەکانی کۆمەڵایەتی بە وەدیهاتنی دروشمی « ئازادی ، یەکسانی ، برایەتی » وەک یەک دەزانین ، بێ ئەوەی کە لە تێگەیشتنی مادی بزووتنەوەی مێژوویی تێ ڕوانینێکی روونیان هەبێت .

بابەتەکە لە لایەنێکیتر شی دەکەینەوە ، کاتێک دەڵین لە هەر ڕەخنەگرتنێک دەبێ یەکەم جار سەرنج بدەینە تایبەتمەندی و یاساکانی مێژوویی زاڵ بە سەر هەر پێکهاتێک ، بەم مانایە کە بزانین ڕەخنەگرتن تەنیا بۆ ڕەت کردنەوە نیە ، بەڵکو بە شێوەیێکی ئەساسی لایەنی سەلمێنەری بابەتەکە دەبێ لە بەرچاو بگرێت . ئێستا ئەم پێکهاتە چ کۆمەڵگایێکی کۆن بێت ، چ ئیستراتێژی و تاکتیکی نادروست و چ کردەوەی بە هەڵەی هاورێکی شانەی کۆمۆنیستی . لەم حاڵەدا ڕەخنەگرتنی مارکسیستی کۆمەڵگای بورژوازی ، واتە خەبات بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم ، ڕەخنەی ئوسوڵی تاکتیکێک واتە پێشنیار کردنی تاکتیکێکی ئوسوڵیتر ، و ڕەخنەگرتن لە کردەوەیێکی بە هەڵە واتە پێشنیار کردنی رێگا چارەسەری بە کردەوە لە بەرانبەری ئەودا ، ئەم بوارانە کە یەک بە دوای یەک ئاماژەمان پێان کرد هەر چەند بابەتەکانی جیاوازن کە ڕەخنەی تایبەت بە خۆیان هەیە و رێگا چارەسەرەکانی جیاوازیان هەیە

، بەڵام ڕوانگەی زاڵ بە سەر ڕەخنەگرتنی ئەم بابەتانە ، تەنیا یەک ڕوانگەیە کە لە هەمووی ئەم نموونانە دەبێ‌بە وردی سەرنجیان پێ بدەین .

بڕوانینە خۆدی کۆمەڵگا . ڕەخنەی مارکسیستی کۆمەڵگای بورژوائی ، واتە سوسیالیزم ، واتە خەبات بۆ دامەزراندنی سوسیالیزمە . بەڵام ئایا ئەمە بە مانای ڕەت کردنی هەموو دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتیە ، کە زۆرێکی لەوان لەم کۆمەڵگایە بورژوازئیە بە دەست هاتووە ؟ زۆر روونە کە وەڵامی ئەم پرسیارە نەیە . لە ڕەخنەی سوسیالیستی کۆمەڵگای بورژوازیی ، تەنیا ئەو شتە ڕەت دەکرێتەوە کە ناوەرۆکی بورژوائیی هەبێ و لە خزمەتی پاراستنی دەسەڵات و سەروەری چینی سەرمایەدار بە سەر کۆمەڵگا بێت . دەسکەوتەکانی زانستی ، تەکنیکی و فەرهەنگی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی نەک تەنیا ڕەت ناکرێتەوە ، بەڵکو لە خزمەتی سیستەمی نوێ دادەنرێ . لە بەر ئەمەیە کە هەر چی سەرمایەداری لە وڵاتێک زۆرتر پەرەی ساندە بێت ، هەر چی پاوانخوازیەکان کۆ ببنەوە ، تێ پەرین بەرەو سوسیالیزم خێراتر روو دەدات . تەنیا بەسە بەرێوەبەرایەتی پاوانخوازیەکان بکەوێتە دەستی شوورای دەسەڵاتدارێتی کرێکاری ، و مڵکایەتی بەرهەم هێنان بدرێتە کۆمەڵگا ، تاکو تێ پەرین لە کۆمەڵگای کۆن بۆ کۆمەڵگای نوێ روو بدات . بەڵام تێگەیشتنی وردە بورژوایی بە نیسبەت ڕەت کردنی کۆمەڵگای بورژوازیی ئاوا نیە . وردە بورژوازی دژایەتی لە گەڵ کۆمەڵگای سەرمایەداری یان لە گەڵ شێوەی پاوانخوازی بەهەرم هێنان ، دەکاتە دژایەتی لە گەڵ بەرهەم هێنان ، و دەبێتە دوژمنی ئامرازی بەرهەم هێنان ( ماشین ) و لە ئاکام دا دەگاتە شێوەی کۆکراوەی بەرهەم هێنانی دەوڵەتی . بەرچاوترین نموونەکانی ئەم بۆچوونە ، دیسان سوسیالیستەکانی خەیاڵی بوون کە ئالترناتیوی کۆمەڵگای بورژوازی ، کۆمۆنەکانی جووتیاریدەزانین . نموونەکانی دیاریکراوی ئەم بۆچوونە بە تایبەتی لە چین ، پاش شۆڕشی مەزنی ١٩٤٩ی زائینی و لە بۆچوونی رێبەرایەتی حیزب بە سەر کۆمۆنەکانی ناوچەیی ، لە بەرانبەر دامەزراندنی کارخانەکانی گەورەی پیشەیی ڕاوەستا . رێبەرایەتی وردە بورژوائی حیزبی کۆمۆنیستی چین بێ ئەوەی کە بزانێ چ شتێک دەبێ ڕەت بکاتەوە و چ شتێک دەبێ جێ نشینی ئەو بکات ، بە تەواوی و هەموو کومەڵگای سەرمایەداریی ڕەت کردەوە . رێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی چین وایان بیر دەکردەوە کە ئەمە پیشەی گەورەیە کە کۆیلایەتی سەرمایە لە گەڵ خۆی بە دیاری هێناوە ، نەک پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ! جۆرەکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە بۆچوونانە لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم و لە ڕەوتی دژایەتی کرێکاران لە گەڵ ئامرازەکانی بەرهەم هێنان خۆی نیشان دا . ئەو کرێکارانەی کە بۆ



خەبات دژی چەوساندنەوە ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەم هێنانیان دەخستە بەر هێرشی خۆیان و لە ناویان دەبردن ، پەیڕەوی ئەم یاسایە دەکردن . زۆر دوور نەڕۆین ، لە وڵاتی خۆمانیش هێشتا ئاوا بۆچوونێک لە زۆربەی هێزەکانی بە ڕواڵەت مارکسیست _ لینینیست ، کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە . بۆ نموونە دژایەتی هێزەکانێک لە گەڵ هەر چەشنە دەوڵەتی بوون و بەرهەم هێنانی گەورە بە دروستی نیشاندەری زاڵ بوونی ئەم ڕوانگەیە هەیە بە سەر ئەم ڕەوتانە . یان بۆ نموونە بڕوانینە نووسراوەکانی بە ناوبانگی ئاڵ ئەحمەد ، نووسەری وردە بورژوازی هاوچەرخی ئێران . ئەو بە تایبەت لە کتێبی « غرب زدگی » ( ڕاکێشان بەرەو لای ڕۆژئاوا ) ڕەخنە لە ئامرازی بەرهەم هێنان ( ماشین ) و پیشەی ڕۆژئاوا دەگرێ و ئاوا بیر دەکاتەوە کە ئەمە تەکنولوژی و ماشینیزمە کە بووەتە هۆی دەسەڵاتی زاڵی ئیمپریالیستەکان لە ئێراندا . ئاڵ ئەحمەد بەم ڕوانگەیە دا لە ڕەخنەی پەیوەندیەکانی ئیستعماری ، دەگاتە ڕەت کردنی تەکنیک و لەو جێگایە دا ناتوانێ بجووڵێ .بۆیە روون دەبێتەوە کە لەشێوەی ڕەخنە گرتنی جگە لە کۆمۆنیستی ، ئەوەی کە زۆرتر لە هەموو شتیتر خۆی ئاشکرا دەکات ، ڕەت کردنی تەواوی هەر پێکهاتێکە کە ڕەخنە لێ دەگیردرێ . ئەوەی کە لەم نێوانەدا گرێنگە ، سەرنج دان بەم راستیەیە کە چۆن ئاوا شێوەیێکی نائوسوڵی ڕەخنەگرتن ناتوانێ راستیەکان ڕەت بکاتەوە . بە شێوەیێکی حەتمی تووشی دژایەتیەکانی ئاڵۆز دەبێت ، لە بەرانبەری ئەو مەجبوور بە چوک دان دەبێت و لە دەورێکی زنجیرەیی کورت دا ، مەجبوور بە قبووڵ کردنی تەواوی ئەو راستیە ترسناکە دەبێ کە بە تەواوی ڕەتی دەکردەوە . ئەمە بە دروستی چارەنووسی حەتمی هەمان ڕەخنە گرتنەکانی پەسا ، پەسا و بێ ناوە رۆکێکە کە دوای ماوەیێک جگە لە شتێکی بێ بایەخ لە بەر چاو نایەێت .

لە ڕەخنەیێکی ئەدەبی و یان هونەریش ئەم یاسایە بە تەواوی حوکم دەکات ، بە تایبەت لە زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵەکانی روشنبیری ، دەبینین کە بە ڕەت کردنی ئەدەبیاتی کلاسیک و یان بە تەواوی ڕەت کردنی زۆربەی نووسراوەکانی ئەدەبی کۆن کە بە بێ سەرنج دان بە تایبەتمەندیەکانی مێژوویی ئەو کات و بێ لە بەر چاوگرتنی هەل و مەرجی حاکیم بە سەر ئەو کاتەیە . سەرنج دان بەم بابەتە بە تایبەت ئەگەر ئامانجی دیاریکراوی بۆ بەرز کردنی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و بە دەست هێنانی ئەزموونەکانی نوێ لە بەر چاو نەگرێ ، زۆر گرێنگە و پێویستە لە گەڵی هەڵس و کەوتی ئوسوڵی بکرێت . بۆ نموونە ئەگەر ڕەخنە گرتنی دوکتور تەقی ئەرانی یەکێک لە کەسایەتیەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە شانامەی فردەوسی بخوێنینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە هاورێ ئەرانی بە بێ لە بەر چاوگرتنی

تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای ئێران لە سەدەی پێنجەم و یاساکانی مێژوویی کە لەو کاتەدا بە سەر ئێران حوکمیان دەکرد ، بە چ شێوەیێک و بە تەواوی فردەوسی ئەم حەماسە بێژەی گەورەی ئێران ڕەت دەکاتەوە و فردەوسی تاکو ئاستی یەکێک لەوانەی دادەبەزێنێ کە بە بالای سوڵتان مەحموود وتیانە . ئەو هەر بەم شێوە بەلارێ چووانەی ڕەخنە گرتنە ، لە کۆمەڵگای دەورانی رەزا شا ڕەخنە دەگرێ و لە ڕەخنەگرتن لە سیستەم لە چوار چێوەی یاساکانی حاکیم بە سەر ئەو ناچێتە دەرەوە . خاڵی بەرامبەری ئاوا شێوەکانێک ، میتدۆلۆژی لینین لە شێوەی ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی بۆمان دەناسێنێ . لینین سەرەرای ئوسول و ڕێنوینیەکانی زانایانەی کە لە کاری شۆڕشی پرولیتری و ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای بۆرژوازی بە پرولیتاریای جیهان ناساند ، لە شێوە ، شێواز و میتدۆلۆژی ڕەخنەگرتنی مارکسیستی بە باشترین شێوە فێر دەکات . لینین سەرەتای سەرهەڵدانی بڵشویزم بە سەر ڕەت کردنەوەی دیالکتیکی بارودۆخی پێش لە خۆی دامەزراند . و نەک ڕەت کردنەوەی میکانیکی ئەو . ئەو سەرەرای تێگەیشتنی بنەڕەتی لە نزیکایەتی نارودۆنیزم لە رووسیا لە گەڵ گروپی ئازادی کاری پۆڵخانۆف ، ئەساسی چالاکی سوسیال دیموکراسی لە پروگرامی ١٨٨٥ی گروپی ئازادی کاری پۆڵخانۆف دەس پێ دەکات ، و دوائیش کە پۆڵخانۆف بە لارێ دەچێت و لە ریزەکانی سوسیال دیموکراسی رووسیا بۆ دەرەوە و بەرەو لای بورژوازی فرێ دەدرێ ، لینین هیچ کات پەروەردەکانی فەلسەفی ئەو بێ بایەخ ناکات . لینین لە هەڵس و کەوت بە نیسبەت پۆڵخانۆف و کائۆتسکی ، سەرەرای ئەوەی کە ئەوان بە تەواوی لە مارکسیزم بڕان و بە ئارمانی پرولیتاریا خیانەتیان کرد ، بەڵام تا ئەو جێگایە کە قسە لە رووخاندنی بنیاتەکانی فیکری دونیای کۆن بوو ، تا ئەو کاتەی کە ئەوان مارکسیست بوون ، بۆ نووسراوەکانیان بایەخ دادەنا و خوێندنی نووسراوەکانی ئەوان لەم قۆناخە بە پرولیتاریای شۆڕشگێر پیشنیار دەکات . ئەگەر دەبێ کۆمەڵگا بگۆردرێ ، ئەگەر چینی کرێکاری ئێران دەبێ ریچبەری شۆڕش بە دەستەوە بگرێ و ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەبێ دامەزرێ ، ئەی دەبێ کادیرانی کۆمۆنیستمان هەبێ کە پێش لە هەر شتێک ئاشنا بن لە گەڵ شێوەکانی ڕەخنەگرتنی کۆمۆنیستی و بە تەواوەتی لە سەر ئەو شارەزا بن . پەروەردەکانی مارکس و لینین سەرەرای ئوسول و ئەزموونەکانی پڕ لە بایەخی شۆڕشەکانی جیهانی بە تایبەت لەم لایەنەدا دەتوانرێت بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە . مارکسیزم _ لینینیزم تێکەڵاوێکە لە ئوسول و شێوەکانی کۆمۆنیستی ، هەر کتێبێکی مارکس ، هەر نووسراوەی ئەنگڵس و هەر کتێبێکی لینین کانگای مەزنێکە لە پەروەردەی شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕەخنەگرتن . با هاورێانی



کۆمۆنیستی ئێمە ، لەم لایەنەیش دا ئەم کتێبانە بخوێننەوە و پەروەردەکانی ئەوان وەک تەنیا شێوە و شێوازی کۆمۆنیستی بکەن بە ئەساسی ڕەخنەی خۆیان.لە باسەکانی دوایی‌دا ، لە سەر شێوەکانی زانستی ڕەخنەگرتن لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی قسە دەکەین .

لە باسەکانی ڕابردوو گۆتمان کە ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن لە تەشیکلاتی کۆمۆنیستی ئامرازێکە بۆ تێ پەرین لە بارودۆخێک بۆ بارودۆخیکی نوێ‌تر ، بۆ گۆرانکاری و پەرەگرتنی بیر و کردەوە ! گۆتمان ڕەخنە گرتن ئامرازی گەشە کردن و بوژانەوەیە ، ئامرازێکە بۆ لابردنی هەڵەکان و تەواو و دروست کردنی شێوە و شێواز ، شێوازەکانی شۆرشگێرانە ! ڕەخنە گرتن هۆکاری پالاوتنی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا و ئامرازێکە لە خزمەتی ڕزگاری چینی کرێکار .

ئێستا ببینین ئاوا ڕەخنەیێک چۆن سەر دەگرێ و لە چ ڕێگایێک دەبێ جێ بە جێ بکرێت . ببینین ڕەخنە گرتن وەک هۆکارێکی پەرە پێدەر و ئاڵ و گۆر پێکەر چۆن دەبێ ئەنجام بدرێت تاکو باشترین دەسکەوتەکانی بێت و تێ پەرین بەرەو بارودۆخی گەشە ئەستێنەر لە هەموو بوارەکاندا دابین بکات . بەڵام پێش لەوەێ کە ئەم بوارانە دیاری بکەین ، دەبێ ئاوا کە پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد ، دیسان دووپات دەکەینەوە پێش مەرجی ئەمەێ کە بتوانین ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بکەین بە شتێکی پەرە پێدەر و ئاڵ و گۆر پێکەر لە تەشێکلاتی کۆمۆنیستی ، دەبێ بە بەباتی ڕەخنە گرتن وەک کارێکی سیستماتێک بڕوانین . دەبێ بزانین گەیشتن بە شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتن ، یەکەم ، کاری کەسەکان نیە، هەروا کە دامەزراندنی دیسیپلینی پۆلائین و پرولتیاریائیش بە هەوڵەکانی ئەم یان ئەو ئەندامی تەشکیلات ، وەدی نایەێت . دووهەم ، لە تەشکیلاتێک کە شێوەی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتن لەوێ هێشتا سیستماتیک نەکراوە ، شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتنیش لە لایەن ئەندامانی ئەو تەشکیلاتە ناتوانێ بە کار ببردرێ .

بۆیە ئەمە ئەرکی شانەکانی سوور ، تەشکیلاتی ناوچەیی و کومیتەکانی ناوچەئیە کە بابەتی ڕەخنە گرتن لە چوار چێوەی دیاریکراوی ئەو بکەن بە ئەرکی زۆر گرێنگ و ئەساسی کار و چالاکی خۆیان ، تەشکیلات و ئەندامانی کە پەروەردەیان دەکەن بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بە تەواوی رێک و پێک و یەک دەست و ئورگانیک ڕێنوینی و ڕێبەری بکەن .

ئێمە زۆر جار و لە شۆینەکانی جۆر بە جۆر لە هاورێانی تەشکیلاتی و بەرپرسانی بەشەکانی جۆر بە جۆر دەبیسین کە وەک نموونە دەڵێن ، کادیرمان نیە ، کەسی لێهاتوو و بە ئەزموونمان نیە ، هێزی ڕێکخەر و ڕاهێنەرمان نیە ، نووسەر و هەواڵنێری لێهاتوومان نیە و هتد ...

ئەم هاورێیانە بەداخەوە هیچ کات ناڵێن کادیر چۆن پەروەردە دەبێت و فێر دەکرێت و چۆن دەبێ خۆی چاک بکاتەوە . راستی ئەمەیە کە هیچ کادیرێک لە ئاسمان نەهاتووتە خوارەوە . تەنیا بە پەروەردەی ئایدولۆژیک ، پەروەردەی سیاسی و لە رێگای ڕەخنە گرتنەکانی ئۆسولی و سیستماتیک و بەردەوامە کە کرێکاری ئەندام و یان پێش ئەندامی تەشکیلات و روشنبیری شۆڕشگێری کۆمۆنیست دەتوانێ وەک کادیرێکی لێهاتوو ، کارئامە و وەفادار بە ڕەوشت و ئەخلاق و ئامانج و شێوەکانی کۆمۆنیستی پەروەردە بێت . زۆر لە هاورێیانی بەرپرسی ئێمە سەرنج نادەنە ئەمەێ کە فێر کردن شتێکە و پەروەردە کردن شتێکی دیکە . هەر فێر بووێک دەبی لە گەل شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕابهێنین ، پەروەردەی بکەین و بکەینەی بە کادیرێکی بە ئەزموون . لە دەورانی شۆرگێرانەی ئێستا کە هەزاران و دەیان هەزار کرێکار و روشنبیری عاشقی کۆمۆنیزم بەرەو لای ئێمە دێن ، تەنیا کاتێک ئێمە دەتوانین هەر کام لەوان بکەین بە کادیرێکی لێهاتووی بزووتنەوە کە ئەوان بە شێوەی سیستماتیک و فێر کردنی ئورگانیک و هەموو لایەنە پەروەردە بکەین .

دەبێ لە بەرچاو بگرین کە شۆرش ، خۆی باشترین فێرگەیە . ئەوەێ کە کۆمۆنیستەکان لە ئێران دەیان ساڵ چاوەڕوانی ئەو بوون ، ئەمڕۆکە و لە ئاکامی گۆرانکاریەکانی دەورانی شۆڕشگێرانەی ئێستا خۆبەخۆ ئامادەیە . ئەو کەسانەی کە لە مەودای ئەم دەورانە پڕ هەوراز و نشێوە شۆڕشگێرانەیە بەرەو لای تەشکیلاتی کۆمۆنیستی هاتوون ، ئەگەر لە سیستەمی ئورگانیکی تەشکیلاتی ئێمە پەروەردە نەبن و ئایدۆلۆژی مارکسیستی نەکەن بە ئایدۆلۆژی خۆیان و فێری شێوە و شێوازەکانی کۆمۆنیستی نەبن ، وەک هێزەکانی سەرەڕۆ دەمیننەوە و هیچ کات ناتوانین ئیدیعای ئەوە بکەین کە خاوەن تەشکیلاتێکین بە کادیرەکانی بە ئەزموون و لێهاتوو .

بۆیە هاورێیانی بەرپرس و هەروەها هەموو شانەکانی سوور دەبێ بزانن ئەمە سیستەمە کە دروست دەکات ، ئەمە ئورگانیزمە کە پەروەردە دەکات ، رێگای بەربەرەکانی لە گەڵ لاوازیەکانی تەشکیلاتی ئەمە نییە کە بە بڕوا بە بێ ئەزموونی و لاّ نەهاتوویی هێزەکان ، هەموو کارەکان بخەینە سەر شانی کادیرەکانی بە ئەزموون و هەر چەشنە بەرپرسایەتێک لە یەک یان چەند شانەی حیزبی کۆ بکەینەوە .

بۆ پێک هێنانی باشترین کۆمەڵەکان و بەرزترین رێکخستنەکانی ناوخۆی رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار ، ئەوەندەی کە لە سەرەوە مەرکەزیەت پێویستە ، لە خوارەوەی تەشکیلات دەبی نەبوونی مەرکەزیەت هەبێ .



دەبی بەرپرسایەتی بدەینە ئەندامان و داوای کاریان لی کرد . هەر چەشنە ڕەخنەێکیش دەبێ لە چوارچێوەی هەمان بەرپرسایەتی تەشکیلاتی کە دەدرێتە ئەندام ، لێ بگیردرێ . دەبێ پەیوەندیەکانی کەس لە گەل کەس بکەین بە پەیوەندیەکانی تەشکیلات و کەس . تەنانەت لە دژوارترین هەل و مەرجەکانی خەفەخان و سەرکوت کە نهێنی کاری دەبێتە ئەسلێکی حەتمی و حاشا هەڵنەگر کە دەبێ هەموو کات لە بەر چاوی بگرین ، واتە لە هەل و مەرجێک کە هەر چەشنە پەیوەندی تەشکیلات لە گەڵ کەسانی ئەندام و پێش ئەندامی تەشکیلات بە شێوەێکی تاکە کەسی ئەنجام ئەدرێت .

دەبێ لە رێگای دامەزراندنی سیستەمی ڕاپورت گرتن و ڕاپورت ناردن ، ئاوا پەیوەندێک بکەین بە سیستەمی ئورگانیکی تەشکیلات . ئەو کات کە ئێمە بەرپرسایەتی نەدەینە ئەو هێزانەی کە دێنە ناو تەشکیلات ، نەک تەنیا هەرگیز لایەنەکانی بە هێزی و لاوازی ئەوان ناناسین ، بەڵکو بۆ خۆدی ئەم کەسانەیش لایەنەکانی بە هێزی و لاوازیان وە دەر ناکەوێ .

بۆیە سرووشتیە کە لەم حاڵەدا هیچ کات ناگەینە ڕەخنە گرتنی ڕاستەقینەیش . بە بی دامەزراندنی ئاوا سیستەمێک ، هەر چەشنە قسە و باسێک لە شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕەخنە گرتن ، قسەێکی پووچەڵ و بێ ئەساسە .

کاتێک دەڵین ، دەورانی ئێستا دەورانی حیزبایتی ، دەورانی تێ پەرین لە قۆناخی پێش حیزبی و دەورانی رووبەروو بوونەوە لە گەڵ ژیانی حیزبایەتیە ، و دەورانی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە ، بۆیە دەبێ لە یەکەم قۆناخ دا ئوسولّ و شێوەکانی کۆمۆنیستی بە جێگای شێوەکانی پێش حیزبی دەورانی کۆن دابنەین .

هاورێیانی ئێمە دەبێ دڵنیا بن لەوەێ کە لە هەل و مەرجی ئێستای ئێران ، چیتر لە گەڵ کادیرەکانی خۆ پەروەردە و بە ئەزموونی دەیەی چل رووبەروو نین . لە حاڵی بەرز بوونەوەی بزووتنەوەکانی خەڵکی سەر و کاری بزووتنەوە لە گەڵ زانایان و هەڵبژاردەکان نییە .

ئەگەر بڕوانینە پڕ بایەخ ترین نووسراوەکانی دەورانی پێش لە مارکس ، زانایانی دەدۆزینەوە کە نە بەرهەمی کاری سیستەماتیک لە تەشکیلاتی شۆرشگێرن ، بەڵکو بەرهەمی تێ گەیشتووانەیسیستەمی دەرەبەگایەتی و یان بورژوازین . قارەمانی « چ دەبێ کرد ؟ » چرنیشفسکی ، نموونەی روون و ئاشکرا و تەواو عەیاری شۆرشگێرێکی پڕ لە هەست و خۆڕاگرە . بەڵام قارەمانی رۆمانەکانی فادایوڤـــ هەزاران ، هەزار کەسی بێ ناو نیشانن کە لە هەر کارگە و کارخانە و لە هەر مەزرا و گەرەکێک ، بە هەستێکی شۆڕشگێرانە و کۆمۆنیستی کە قەد تاریف ناکرێ لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی حیزبی بڵشویک پەروەردە بوون و

به ئیمان به ئامانجەکانی پرولیتاریا ، له شەڕی بەردەوام دژی سیستەمەکانی چەوسێنەران و ئیمپریالیزمن .

له ئێران ، ئێمەیش ئەم کاته که دەورانی پێش حیزبی گەیشتووته کۆتایی خۆی و دەورانی حیزبایەتی و رێکخستنی سیستەماتیکی رێکخراوی رێبەرایەتی و رێنمای چینی کرێکار خەریکی دامەزرانه ، چیتر زانایان و کادیرانی به ئەزموون دەبێ به پەروەردە کرن له تەشکیلاتی کۆمۆنیستی بدۆزینەوه . ئەمه تی گەیشتنێکی زەینی و به تەواوی میکانیستیه هەر کات بمانەوێ به بێ دامەزراندنی سیستەمێکی ئورگانیک له تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی ، خوازیاری پەروەردە کردنی کادیرەکانی لێهاتوو بین .

ئەمرۆکه کادیرانی لێهاتوو ، وەفادار ، نووسەر ، توانا و پڕ له هەست و شەوقی شۆرشگێرانه و به ئیمان به ئارمانەکانی کۆمۆنیستی ، دەبێ به شێوەکانی سیستەماتیکی پەروەردە و فێر کردنی ئایدۆلۆژیک _ سیاسی و به کەڵک وەرگرتنی ئۆسوڵی له شێوەکانی ڕەخنه و ڕەخنه له خۆ گرتنی کۆمۆنیستی له ناوخۆی تەشکیلات پەروەردە کرد .

ئێستا که روون بوو ئەسڵی ڕەخنه و ڕەخنه له خۆ گرتن له تەشکیلاتی کۆمۆنیستی دەبێ ببێته سیستەمێکی ئورگانیک له تەواوی تەشکیلات ، دەبێ ببینین که یەکەم :

ئەم کاره چۆن ئەنجام دەدرێ و دووهەم ئەوەێ که:

شێوەی به کردەوەی ڕەخنه و ڕەخنه له خۆ گرتنی کۆمۆنیستی چۆن و له چ ڕێگایێک به ڕاهێنانی تەشکیلاتی دەبێته هۆکاری گۆڕانکاری .

به شێوەیکی ئەساسی هەر چەشنه تی گەیشتنێک که بیهەوێ له سەرەتاوه تەشکیلاتی کۆمۆنیستی له گەڵ شێوەکانی کۆمۆنیستی سیستەماتیزه بکات و پاشان کادیرەکانی خۆی پەروەردە و فێر بکات ، بەو ڕادەیه له هەڵەدایه که یەکەم جار بیهەوێ کادیرەکانی خۆی پەروەردە بکات و پاشان تەشکیلاتی خۆی دروست بکات . ئەو بیر و بۆچوونه که یەکەم جار به شوێن تەشکیلاتی تەیار به پێشکەوتووترین شێوەکانی کۆمۆنیستی دەگەرێ تاکو هێزەکانی کۆمۆنیست له ناو ئەو ئاوەدا غوسڵی تەعمید بدات ، هەمان بیر و بۆچوونی میکانیستیه که تێ دەکۆشێ به پرولیتیریزه کردنی خۆی و گەیشتن به هندێک خۆ نواندن و ئۆسوڵی خۆ نیشاندان ، خۆی وەک کۆمۆنیستێکی تەواو عەیار و بێ هیچ کەم و کۆری و لاوازی و هەڵەیێک بناسێنێ .

بۆیه هەروا که گۆتمان ، گەیشتن به شێوەکانی کۆمۆنیستی ڕەخنه گرتن ، پێویستی هەیه به ئاوا سیستەمێک که هاوکات له گەڵ پەروەردە و فێر کردنی کادیرەکان ، بەره بەره خۆدی



تەشکیلاتیش له دەستەکانی خوارەوەی حیزب واته شانەکانی سوور ، تاکو بەرزترین ئورگانەکانی حیزبی بۆ پاراستن و سەقامگیری ئاوا سیستەمێک ڕاهێنێ و له هەموو بوراەکانی سیاسی _ ئایدۆلۆژیک ، تەشکیلاتی و شێوەکانی رووبەروو بوونەوه له گەڵ هەموو بابەتەکانی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی یەک جۆره تێ گەیشتن پێک بێنی .

به واتایێکیتر ، تەنیا ئەمه بەس نیه که بۆ نموونه تەشکیلاتێک یەک پروگرامی هەبێ بۆ شۆرش . ئەم پروگرامه جگه لەوەێ که دەبێ له گەڵ راستیەکانی کۆمەڵایەتی به تەواوی رێک بێت ، تەنیا و له کاتێکدا دەتوانێببێته پروگرامێکی جیددی و به کردەوه له ناوخۆی تەشکیلات و هێزەکانی ئەنجام دەری ئەو ، که هەموو ئورگانەکانی جۆر به جۆری تەشکیلاتی ، رێکخستنەکانی حیزبی ، شانەکانی سوور و به گشتی هەموو کادیران و هێزەکانی تەشکیلات ئەم پروگرامه به شێوەیێکی بنەڕەتی و قووڵ تێ بگەن ، هەموو لایەنەکانی ئەو بناسن و له هەموو بوارێکی چالاکی خۆیان ، ئەم پروگرامه به کار بهێنن و له هەمان حاڵدا زەمینەکانی گۆڕانکاری و پەره ساندنی ئەو پێک بهێنن. تەنیا هۆکار بۆ پێک هێنانی ئاوا تاقانه ئیرادەێک ، تەنیا له ڕێگای ڕەخنه گرتنەکانی ئۆسوڵی و کۆمۆنیستی به ئەنجام دەگات .

ڕەخنه گرتن له ناوخۆی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی ، له سێ زەمینەی ئەساسی له گرێنگی پلەی یەکەم بەهرەمەنده :

١ _ سیاسی _ ئایدۆلۆژیک

٢ _ تەشکیلاتی

٣ _ بۆژانەوه و گەشه کردنی تایبەتمەندی و ئەخلاقیاتی کۆمۆنیستی .

ئەم سێ زەمینەیه ئەگەر چی له یەکتردا جیا ناکرێنەوه و به تەواوی پەیوەندیان پێکەوه هەیه و به هیچ شێوەیێک له یەکتر جیا ناکرێنەوه ، بەڵام بۆ تێ گەیشتنی باشتری بابەتەکه و بۆ ئەوەی روون تر بێتەوه ، باشتره هەر بابەتێک به شێوەیێکی جیاواز پێداچوونەوەیان له سەر بکەین و پاشان پەیوەندی ئەوان پێکەوه روون بکەینەوه . له سەر ئەم سێ زەمینەیەی ڕەخنه گرتن له بەشەکانی دوایی‌دا باس دەکەین .

خەباتی ئایدولۆژیکی چالاک و بەردەوام ، شێوەی ڕەخنه گرتنی کۆمۆنیستی !

شێوەی ڕەخنەگرتنی کۆمۆنیستی یەکێک له گرێنگترین هۆیەکانی پێک هێنانی ئیرادەیێکی یەک دەست له ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا و هۆکاری سەرەکی و ئەسڵی پایەداری و پتەو بوونی ئەوه . ئەوەی که بەردەوامی کار و چالاکی و مانەوەی شۆرشگێرانەی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی تەزمین دەکات ، دامەزراندنی تەشکیلاتێک پێک هاتوو له شۆرشگێرانی به

ئەزموون و تەواو کات لە خزمەتی ڕێکخراو و لێهاتوو و شێواز و شێوە و پروگرامێکە کە ڕێگای سەرکەوتنی شۆرشی پرولیتری نیشانی چینی کرێکار بدات و لە خەبات بۆ ڕووخاندنی بورژوازی و دامەزراندنی سیستەمی سوسیالیستی ڕێنوینیی بکات . ئەم راستیە کە ئاوا پروگرامێک بەرهەمی بەرزترین دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی و سەرچاوەی کانگای پڕ لە بایەخی خەباتی دوور و درێژی پرولیتاریای ئیران دەبێ بێت ، لێرەدا باسمان لە سەرێ نیە . چۆنکە ڕێکخراوی ئێمە بە دارشتنی پروگرامی سەرکەوتنی پرولیتاریای ئێران ، مەزنترین دەسکەوتی دەورانی ژیانی نوێ ی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە بەر ڕێگای بزووتنەوەی چینی کرێکاری ئێران داناوە و خەباتی ئایدولۆژیکی پەیرەوی ئەو بە شێوەیکی جیددی و بە هێز لە دەستوری کار و چالاکی کۆمۆنیستەکانی ئێران داناوە ، پروگرامێک کە ئامانجی خۆی لە دەست گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکار ، زەوت کردنی خاوەن مڵکایەتی لە سەرمایەداران و خاوەن زەویەکان و دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستی دیاری کردووە . ئەم کارە ئەمڕۆکە ئەنجام دراوە و ڕێکخراوی ئێمە بە هەڵگرتنی یەکەم هەنگاوی بە کردەوەی خۆی ، جووڵانێکی تازەی داوەتە سەنتەری گۆرانکاری و پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران . بەڵام ئەمە بە تەنیایی بەس نیە . ئێمە دەبێ لە هەمان حاڵدا بەردەوام و سوور ، هێڵەکانی پروگرام بیکەین بە ئەساسی چالاکی راگەیاندن و پەرەپێدانی خۆمان و ئەساس و بناغەی ڕێکخستنی چینی کرێکاری ئێران . ئێمە دەبێ حیزبی سیاسی پرولیتاریا واتە حیزبی کۆمۆنیست دامەزرێنین . بۆیە سەرەرای بوونی پروگرام ، پیویستیمان هەیە بە کادێرەکان و تەشکیلاتێک کە وەک هێزی بە توانا ، بە ئیرادەی پتەو ، پڕ لە هەست و بە ئیمان بە ئارمانجی پرولیتاریا و ئامانجەکانی پروگرامی خۆی ، ئەم ڕێگایە خۆشتر بکات . باسی ئێمە لێرەدا ئەمەیە کە چۆن دەبێ لە سەر ئەساسی ئاوا ئۆسوڵ و پروگرامێک ، تەشکیلاتی پۆڵائینی پرولیتاریای ئێران دامەزرێنن . چۆن دەبێ شێوە و شێواز و پروگرامی ڕێکخراو راست و ڕێک و تەواو بکەین و لە چ ڕێگایێک ئەوە بکەین بە ئیرادەیێکی یەک دەست و یەکیەتی پایەدار و بەردەوام لە ناوخۆی تەشکیلات پێک بهێنین ؟ بە دڵنیائیەوە هاورێانی ئێمە یەکەم وەڵامیان بریتیە لەوەیٚ کە ، ئەم کارە گرێنگە بخەنە ئەستووی ئورگانێکی ڕێبەرایەتی . ئەم قسەیە بە تەواوی راست و دروست و بە جێیە ، بەڵام هەروا کە لە پێش دا شیمان کردەوە ، دامەزراندنی ئاوا ئورگانێکی ڕێبەرایەتی ، پێوسیتیی هەیە بە بوونی ئەو هەل و مەرجانەی کە جووڵانەوەی گەشە ئەستێنەر و پەرەپێدەری ئەو تەزمین بکات . ڕێکراوی ئێمە لە مەودای چواردە ساڵ ژیانی خوێناوی خۆی و لە ڕەوتی هەوراز و نشێو



و شکست و سەرکەوتنەکانی زۆر و بە دەس هێنانی ئەزموونەکانی پڕ لە بایەخ ، شایێستەی ئەمە بووەکە ئەمڕۆکە هێزی ڕێبەرایەتی و ڕاهێنەری بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بێت . بەڵام بۆ بەردەوام بوونی جووڵانەوەی خاوەن ئامانجی خۆی ، هێشتا پێویستیی هەیە بە لابردنی زۆرتر لە کەم وکۆریەکان . هێشتا زۆر کەم و کۆری هەیە کە دەبێ بە کار و چالاکی بەردەوام و ماندوویی نەناس و هەست کردن بە بەرپرسایەتی بێ وێنەی هاورێانی کۆمۆنیستی ئێمە لە ناو ببردرێن . ئێمە ئەمڕۆکە پێش لە هەموو شت و لە یەکەم قۆناخ دا پێویستمان هەیە بە هاورێانی کۆمۆنیستێک کە بە شێوەیێکی چالاکانە و راستەقینە ئاوا پروگرامێک بەرەو پێش ببەن .ئێمە ئەمڕۆکە پێویستمان هەیە بە تەشکیلاتێک پێکهاتوو لەو کادێرانەی کە بتوانن و توانای ئەوەیان هەبێ کە ناوەرۆکی سیاسی _ ئایدولۆژیکی پروگرامی ڕێکخراوی ئێمە لە نێوان کۆمەڵانی کرێکار و کەسانی کۆمۆنیست تەبلیغ و پەرەی پێ بدەن ، بەم تێ گەیشتنە قووڵ و بنەڕەتیە لە بناغەکانی تیئوریکی ئەم پروگرامە ، کرێکاران بە ئامانجەکان و ڕوانگەکانی خۆیان ئاشنا بکەن ، و ئەوان لە چالاکیەکانی خەباتگێرانەیان ڕابهێنن و ڕێبەریان بکەن . لە ڕێکخراوی ئێمە بە داخەوە هێشتا زۆر هاورێ بە دیدێکی گشتی ڕوانگەکانی ڕێکخراو قبووڵ دەکەن و لایەنەکانی گشتی و ئەساسی پروگرامی ڕێکخراو لە بەر چاو دەگرن . یان ئەو هاورێانەی کە هیچ کات و لە هیچ شوێنێک ئەم ئەرکە وەک کارێکی جیددی لە بەر چاو ناگرن ، کە هەنگاوێکی زۆرتر هەڵگرن و ئەو بیر و بۆچوونانە کە لە تەواوەتی ، خۆیان پێ وەفادار دەزانن ، پەرەی پێ بدەن و بناغەکانی تیئوریکی هەڵویستەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیک و پروگرامی ڕێکخراو بە شێوەیێکی قووڵ و بنەرەتی بناسن . زۆر هاورێانمان هەن کە هێشتا بە بیانووی چالاکی بە کردەوە ، زەحمەتی کار و چالاکی تیئوریک بە خۆیان نادەن و هیچ کات حازر نابن خۆیان بە چەکی تیئوریکی مارکسیزم . لینینیزم تەیار بکەن . ئەم تاقمە لە هاورێانە بە داخەوە بە هۆی بیر کردنەوەی گشتی و کۆنی پاشماوە لە دەورانی پێش تر و پاشماوەکانی پەروەردەکانی بە لارێ چووانەی حیزبی توودە تیئوری وەک کاری ڕێبەران و تیئوریسیەنەکان دەزانن ، و خۆیان بە قبووڵی سەردێری بابەتەکان و لە سنووری سەر فەسلەکان و قبووڵ کردنی دروشمەکان بەربەست کردووتەوە . ئەم هاورێانە تا ئەو کاتەی کە لە گەڵ ئەم خاڵی لاوازیەی خۆیان بە شێوەیکی جیددی بەربەرەکانی نەکەن ، هەمیشە و هەموو کات دەکەونە بەر خەتەری بە لارێ چوونەکانی ناپرولیتری . بە تایبەت لە کاتەکانی قەیرانی تەشکیلاتی و یان لە لۆفەکانی tووندی خەباتی چینایەتی کە هەموو جۆرە بە لارێ چوونێک بە رەنگ و پۆششی بە ڕواڵەت مارکسیستی و بە ڕواڵەت پشت بەستوو بە ئۆسوڵی بنەرەتی تیئوریک

هاتوونەتە گۆرەپان ، خەتەری ئەم بە لارێ چووانە لە هەر کاتێکی‌تر زۆرتر دەبێ . جگە لەوەی کە لاوازی تیئوریکی ئەم هاوڕێانە خۆ بە خۆ و بمانهەوێ نەمانەوێ خۆیسەنتەری هەر جۆرە بە لارێ چوونێکە . شۆڕشگێری بە بێ بناغەکانی تیئوریک ، هیچ ئاکامێکی جگە لە بە لارێ چوون لە شێوازی پرولیتری نی‌یە ! رووی دیکەی ئەم بابەتە ، ئەو تاقمە لە هاوڕێانەن کە لەوانەیە هێندێک جار ڕایان لە گەڵ هەڵویست و شێوازی تەشکیلات نەبێت ، بەڵام بە جێگای ڕاگەیاندنی ئاشکرا و روونی بیر و بۆچوونەکانیان ، ناکۆکیەکانی خۆیان بشارنەوە ، و یان دایان پۆشن . لەهەل و مەرجێک کە تەشکیلاتی ئێمە بەرەو یەک دەستی هەر چی زۆرتری سیاسی _ ئایدولۆژیک پێش دەچێ و بۆ پێک هێنان و سەقامگیری یەکگرتنی تیئوری و خەباتگێرانە هەنگاو هەڵدەگرێ ، خەتەرناکترین شت ، خۆ پاراستن و دوورگرتن لە باسەکانی ئایدولۆژیک _ سیاسی و شاردنەوەی ناکۆکیەکانی تیئوریە . بە داخەوە زۆر دەبینین کە بۆ نموونە هاورێانێک هەڵویستەکان و یان هندێک شێوازی پروگرامیان قبووڵ نی‌یە ، بەڵام بە هۆیەکانی جۆر بە جۆر کە گرێنگترینی ئەوان بۆچوونەکانی لیبرالیستیە ، لە دەربڕینی بۆچوونەکانی خۆیان بە شێوەیکی ئاشکرا خۆ دەپارێزن . و یان بە بیانووی نەبوونی توانایی تیئوریک لە هەڵسوکەوتی جیددی و بەرپرسانە خۆیان دوور دەکەن و لە بۆچوونەکانی خۆیان بە شێوەیکی تەواو و حەتمی پاشگەز دەبن ، بێ ئەوەی کە بابەتەکە بۆیان روون بێتەوە . هندێک جار هاورێانێک دەبینین کە لە هندێک بۆچوون ڕەخنە دەگرن ، هندێک جار پاشگەز دەبن و جارێکی‌تر پرسیاریان بۆ پێش دێت بێ ئەوەی کە هیچ کات دیاری بکەن کە ناکۆکیەکانیان چی‌یە ؟ و خۆیان چ جۆرە بۆچوونێکیان هەیە ؟ ! لایەنی هاوبەش ئەم دوو بۆچوونە لە هێلەکانی وەک یەک دەتوانین ببینین . هەر دوو بۆچوون خاڵی دەس پێ کردنی خۆیان لە نەبوونی توانایی داناون . یەکەمی بە پاڵپشتی ، بە وەفاداری تەواو و بێ ئەم لاو ئەو لای خۆی بە شێۆاز و پروگرامی تەشکیلات ، خۆی لە زەحمەتی کار و چالاکی تیئوریک و ئایدولۆژیک ڕزگار دەکات ، کە ئەمە خۆی بە کردەوە دەبێتە هۆی نەبوونی توانایی زۆرتر لە کار و چالاکی تیئوریک و دووهەمی کە هەر ئەم پرۆسەیە بە هەمان شێوەیە بە سەر کردووە ، بێ توانایی تیئوریک لە سەنگەری دفاع لە سستی و پتەو نەبوونی ئایدولۆژیکی خۆی دروست دەکات . هەر دووی ئەم بۆچوونە سەرەرای هەر جۆرە راستی و وەفاداری بە نیسبەت ئامەنجەکانی پرولیتاریا ، دەگاتە لیرالیزم و پەرە دەداتە بێ ئیمانی نیسبەت بە ئامانجەکانی ئیستراتژیکی پرولیتاریا . ئەم شێوە سستە لە ڕەخنە گرتن ، شێوەی ئەو کەسانەیە کە لە ڕەت کردنەوەی سیستەمی سەرمایەداری و دامەرزاندنی سیستەمی سوسیالیستی لە



نێوەرۆک دا ، تەنیا ڕەت کردنی سەرمایە داری لە بەر چاو دەگرن . ئەمە بە تایبەتی نەک بۆچوونی کۆمۆنیستی ، بەڵکو بۆچوونێکی وردە بورژوائیە کە لە سیستەمی سەرمایە داری و زیان گەیاندنی ستەم کاری چینایەتی زۆر بێزارە . بەڵام لە ناخی دڵەوە بە سوسیالیزم بڕوایێکی ئەوتۆی نی‌یە . بۆچوونێکە کە ناتوانێ پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانە ، کۆن و ڕزیو و گەندەڵی سەرمایەداری تەحمووڵ بکات ، بەڵام گۆمانی هەیە بە نیسبەت دیکتاتۆری پرولیتاریا ئەو کاتەی کە دەبێتە کارێکی جیددی ! بەر چاوترین جۆری سەرهەڵدانی ئەم بۆچوونانە ، پا بەن نەبوون بە دیسیپلینی پرولیتاریایی ، سستیەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیک و بە دوادا رۆیشتنی پەیوەندیەکانی کۆرانەی وردە بورژوائیە ، چۆنکە ڕا کردن لە دیسیپلین و بۆچوونەکانی کۆرانە و دژی سانترالیزم ، ڕەتگدانەوەی لیرالیزمە لە هێلەکانی تیئوری . لە بەر ئەوەی کە تێکەڵ بوونی سنوورەکانی ئایدولۆژیک _ سیاسی ، تیئوری جۆر بە جۆر و بیر کردنەوەی نادیار لە لایەکەوە و یبری وشک و دوگماتیزم لە لایەکی دیکەوە ، باشترین مەرکەزی پەرەسەندن و گەشەکردنی ئاوا بۆچوونانەیە . بێ سنووری سیاسی _ ئایەولۆژیک ، دڵخوازی ئەو بۆچوونانەیە کە سەربەخۆیی سیاسی و خەباتگێرانەی پرولیتاریا وەک شوێنی ئاسوودەیی بارودۆخ و وەزعی خۆیان دەزانن ! ئەمە شێوەی ئەو کەسانەیە کە تێکەڵ بیر دەکەنەوە و خۆیان دەدنە دەستی قەزا و قەدەر و دوگمەکانی داستانی . هاورێانێک کە یان خۆیان دوو دەستی بە تایبەتمەندیەکانی کۆن گرتووتەوە و یان بە شتەکانی نادیاری داهاتوو ! بۆ ئەوان هیچ کات خاڵی روون و کونکرتێک بۆ ئیستا بوونی نی‌یە تاکو جێگای راستەقینەی سیاسی _ ئایدولۆژیکی خۆیان بە نیسبەت ئەو دیاری بکەن . ئاوا کەسانێک یان لە بەر هەڵویستەکانی کۆن ڕاوەستاون و یان نیسبەت بە بابەتەکانی داهاتوو بێ هەڵویستن و لە بەرانبەری دا جادو کراون . لینین لەم بارەوە دەڵێ : « پراگماتیزمی بەربەست وجیا لە روون کردنەوەی تیئوریکی بزووتنەوە ، بە شێوەیکی گشتی هەرەشەی بە لارێ چوون و هێلی هەڵە لە بزووتنەوە دەکات .ئێمە دەبێ وتە بێژی هەر چەشنە ڕا و بۆچوونی نەک کرێکارانی جیاواز ، بەڵکو چینێک بین کە لە ڕێگای پروگرامێکی هاوبەش و خەباتی هاوبەش لە ریزەکانی تەنیا یەک ڕێکخراو ، یەکیان گرتووتەوە » .

تەنیا ئیمان و وەفاداری بە ئارمانجەکانی کۆمۆنیستی بەس نی‌یە . چۆنکە خۆدی کۆمۆنیزمیش چی‌تر فیکریەتێکی تەنیا و جیا نی‌یە ، کۆمۆنیزم چی‌تر « شەبەح » نی‌یە کە وەک شەبەح پێ بڕوانین ، کۆمۆنیزم و شێوازی کۆمۆنیستی لە هەل و مەرجێک کە بەشێکی گەورە لە پرولیتاریای جیهان ، بورژوازی لە تەختی دەسەڵات هێناوەتە خوارەوە و بینای سوسیالیزمی لە

زۆر وڵاتی گەورەی جیهان دامەزراندوە تەنیا بیرەکانی تایبەتین کە بە باشترین شێوە لە چوارچێوەی دیاری و شێواز و پروگرامی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا توانای بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەیان هەیە . بۆیە هاوڕێانی کۆمۆنیستی ئێمە دەبێ و حەتمی دەبێ ، یەکەم بە ئوسولی بنیاتی مارکسیزم _ لینینیزم بە شێوەیکی بەس و تەواو موسەیتەر بن و دووهەم چوارچێوەی تیئوری ڕێکخراو لە هێڵەکانی کردەوە و سیاسی ئەو بە تەواوەتی بناسن . بە تەواوەتی ناوەرۆکی ئەو بدۆزنەوە و لە خەباتی بە کردەوەی پرولیتاریا چالاکانە و بێ وچان بە کاریان بهێنن . یەکەمی کاری فێر کردنی ئێمەیە ، دووهەمی کاری پەروەردە کردن . ئێمە دەبێ هەموو کاری فێر کردن لە ڕەوتی پراتیکی چالاکانە و شۆڕشگێڕانە پەروەردە بکەین و ئامانجەکانی کۆمۆنیستی نەک لە هێڵەکانی گشتی و جیاواز ، بەڵکو بە شێوەیکی ئەساسی و بە کردەوە لە ئاستی پراتیکی بکەین مادیەتی کردەوە لە خۆ و هەروا تەشکیلاتی خۆمان . هەر ئەندامی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی دەبێ هێڵەکانی تیئوریکی تەشکیلات هەروا کە لە سیاسەت ، لە ئایدولۆژیش بکاتە بابەتی زۆر جیددی لە کار و چالاکی خۆی . هاوڕێانی ئێمە دەبێ خۆیان بە هەستێکی تەواو بە بەرپرسایەتی ، لە بابەتەکانی سیاسی ئایدولۆژیکی تەشکیلات بکۆڵێنەوە . ئەوان دەبێ خۆیان و حەتمی خۆیان لە سەر یەک بە یەکی بابەتەکان لە دژوارترین و ئالۆزترین و گرێنگترین تاکو سادەترین بابەتەکانی سیاسی و ئایدولۆژیکی تەشکیلات ، بکۆڵنەوە . بەڵگەنامەکان و ئەزموونەکانی گشتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەڵدنەوە . هەر بەڵگەیکی تازە و نوێ لە گەڵ ئەزموونەکانی پێش تر و ووتە و ئاکامەکانی ڕابردوو هەڵسەنگێنن و یەکگرتنی تیئوری خۆیان لە گەڵ پروگرام و شێوازی ڕێکخراو ، پتەو و حەتمی بکەن . هاوڕێانی ئێمە دەبێ لە کاتی روو بە روو بوونەوە لە گەڵ بچووکترین گۆمان و ناکۆکی فیکری ، بۆچوونەکانی نەیاری خۆیان روون و ئاشکرا رابگەێنن و بۆچوونەکانی بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆیان بە هێزی تیئوریک ڕەخنە لێ بگرن . لینین ئەساسی یەک دەستی و بوونی ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە خەباتی ئایدولۆژیک دەزانێ و بە بەیان کردنی نامەی لاساڵ بە مارکس ، ئەساس و بناغەی بۆچوونەکانی خۆی ئاوا بەیان دەکات : « خەباتی ناوخۆبی هێز و ژیان بە حیزب دەبەخشێ ، گەورەترین هۆی لاوازی حیزبی ، بڵاوە بوون و نادیار بوونی سنوورەکانی ئاشکرا و دیاری ئەوە . حیزب بە پاڵاوتنی خۆی پتەو و سەقامیگر دەبێ » . بینینی سستیەکانی ئایدولۆژیک لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی ، تا ئەو کاتەی کە شێواز و پروگرامی پرولیتاریایی نەکرێتە مادیەت لە تەواوی تەشکیلات و لە پەیوەندی راستەوخۆ و نێزیک لە گەڵ چینی کرێکار ، بە هیچ شێوەیک بابەتێکی چاوەروان نەکراو نیە . تەنیا دەبێ بو



گۆرانکاری و یەک دەستی ئایدولۆژیک بجووڵینەوە و ئەم پرۆسەیە خێرا بکەین . دەبێ ئەو شتەی کە خۆی لەوانەیە ببێتە ڕێگرێک لە بەر ڕێگای ئەم گەشە کردنە ، لە سەر ڕێگا هەڵگرین . سستی ئایدلۆژیک دەبێ بە خەباتی سەر سەختانە و بەردەوامی ئایدولۆژیک لە ناو برد . تەنیا بە پەرەپێدانی خەباتی ئایدولۆژیکی بێ وچان ، بەردەوام و هەمیشەئییە کە نە تەنیا تەشکیلاتی کۆمۆنیستی گەشە دەکات ، بەڵکو هێزەکانی نوێ و کادێرەکانی نوێیش پەروەردە دەبن . جیاوازی لە نێوان بۆچوونەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیک لە تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی هیچ کات نابێ شاراوە بمێنێتەوە یان سەر پۆشیان لە سەر دابنێن . بە پێچەوانە هاوڕێانی ئێمە دەبێ لە هەڵسوکەوتەکانی هاوڕێانەی خۆیان ، بچووکترین ناکۆکی بۆچوون بە روونی و ئاشکرایی رابگەێنن ، تاکو بابەتەکان بە تەواوی روون بکرێنەوە . خەباتی ئایدولۆژیک لە ناوخۆی تەشکیلات دروست ترین شێوەی ڕەخنە گرتنە ، و ئەگەر بە شێوەیکی بەرپرسانە ، بە بەردەوامی و جیددی ئەنجام بدرێت تەشکیلات لە هەر چەشنە بۆچوونێکی بە لارێ چووانەی ناپرولیتری دەپاڵێتەوە و زەمینەکانی گەشە کردن و پەرەسەندنی خۆش دەکات . لە حاڵێکدا بیری کۆرت و خۆ دوور کردن لە بابەتەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیک ، گەورەترین خەتەر و دوژمنی یەک دەستی و گەشە کردنی تەشکیلاتە . ئەو کەسانەی کە چاوەکانی خۆیان بە سەر گرفتەکان دەبستن ، کاریگەری زیان بەخشی خۆیان بە سەر تەشکیلات و هێزەکانی بە جێ دەهێڵن . نەک تەنیا شانەکانی سوور ، بەڵکو هەموو بەشەکانی تەشکیلات دەبێ کاری فیر کردنی ئوسوڵەکانی تیئوریک ، واتە سێ بەش و سێ سەرچاوەی مارکسیزم وەک کار و چالاکی و ئەرکی جیددی خۆیان بزانن . بەڵام نەک تەنیا لە هێلەکانی گشتی و تاک . هێڵەکانی تیئوریک دەبێ لە هەموو زەمینەکانی چالاکی بە کردەوە ، بە تایبەت لە پەیوەندی لە گەڵ خەباتی سوسیالیستی چینی کرێکار بە شێوەیکی بەردەوام بە کار هێنا و تاقییان کەینەوە . دەبێ بە شێوەیکی سیستەماتیک و بەردەوام خەباتی ئایدولۆژیک لە ناوخۆی تەشکیلات و لە کاریگەریەکانی تاکیتکی ئەو ڕێک بخەین . هاوڕێانی کۆمۆنیستی ئێمە چ لە شانەکانی سوور ، چ لە ناوچەکان و بەشەکانی جۆربەجۆری تەشکیلات ، دەبێ یەکگرتوو و یەک دەست کار بکەن . ڕاهێنانی ئامانج دار و بە بەرنامەی ئەم خەباتە ، ئورگانی ڕێبەرایەتی مەرکەزیی ڕێکخراو ، و بڵاوکراوەی کار و رادیوی دەنگی فیدائیە . شانەکانی سوور دەبێ بە ڕەخنەگرتنی بەردەوامی بۆچوونەکان ، شێواز و پروگرامی ڕێکخراو نەک لە سەر ئەساسی تەنیا متمانە کردن ، بەڵکو بە شێوەیکی ئەساسی لە دروستی ئوسوڵ و بناغەی تیئوری و فیکریەتی ئەو و لە هاوئاهەنگی لە گەڵ چالاکیەکانی بە کردەوەی خۆیان لە

بەر چاو بگرن و بۆچوونەکانی خۆیان بۆ ئورگانەکانی ڕاهێنەری ڕێکخراو بنێرن . ئێمە ئەمڕۆکە زۆرتر لە هەر شتێکیتر پێویستیمان بە یەکگرتنی ئایدولۆژیک و پتەو بوونی یەکگرتنی پروگرامی هەیە . یەکگرتنێک کە دەبێ بەردەوام بوونی کار و چالاکی و پتەو بوونی جوولانەوەی داهاتووی ئێمە تەزمین بکات . هاورێانی ئێمە تەنیا ئەو کاتە دەبنە هێزی پایەدار و وەفاداری تەشکیلات و بەرەو پێش بەری راستەقینەی شێوازی ڕێکخراو کە پروگرام و تاکتیکەکانی ڕێکخراو لە بناغەی ئوسولی ئایدولۆژیکی ئەو فێر بن . ئاکامی ڕەخنەگرتن لە بۆچوونەکانی خۆمان و ڕەخنەگرتن لە بۆچوونەکانی ڕێکخراو ، هێزێکی مەزن و پڕ لە توانا و بەرچاو دەخوڵقێنێ ، هێزێک کە نە یەکەم دایە و نە دووهەم ، بەڵکو هێزێکی مەزنە کە سەرکەوتنی پرولیتاریا دەکاتە کارێکی حەتمی و مسۆگەر . هاورێانی ئێمە لە هەڵسوکەوتەکانی ڕەخنەگرانەی خۆیان لە سەر بابەتەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیک ، دەبێ بزانن کە تەنیا کاتێک دەتوانن دەسکەوتی تازە و نوێ بە دەس بێنن کە بزانن لە پرۆسەیێکی چالاکی ئایدولۆژیک چ بۆچوونێک لە دەس دەدەن و چ ڕوانگەیێکی نوێ بە دەس هێناون . لێرە دایە کە دەر دەکەوێ ئاکام وەرگرتنەکانی نوێ نەک لە ڕەوتێکی خۆبەخۆیی و گونجاو لە گەڵ جەوی حاکیم بە سەر تەشکیلات ، بەڵکو بە ڕەخنەگرتنی تێ گەیشتووانە و لە بەر پێویستی شۆڕشگێرانە بە ئەم یان ئەو بۆچوونی دروست و ئوسولی گەیشتوون . تەنیا و تەنیا بە تێ گەیشتنی قووڵ و بنەرەتی بناغەکانی ئایدولۆژیکی پروگرامە کە شانەکانی سوور و هەموو هاورێانی کۆمۆنیستی ئێمە دەتوانن و دەبێ پەرە بە چالاکی خەباتگێرانەی خۆیان بدەن ، ناوەرۆکی چالاکیەکانی پێ ڕاگەیاندن و پەرە پێدان و تەشکیلاتی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا دەوڵەمەندتر بکەن . ئێمە دەبێ تێ بکۆشین ڕێکخراوی سیاسی راستەقینەی چینی کرێکاری ئێران ، واتە حیزبی کۆمۆنیست دامەزرێنین . ئەمە ئەرکی سەرەکی ئێمەیە ! ئەم باسە بە ووتەیێکی کۆرت لە لینین ڕێبەری مەزنی پرولیتاریای جیهان کۆتایی پێ دێنین .

« پرولیتاریا تەنیا لە حاڵێکدا دەتوانێ هێزی پۆلائین و سەرکەوتوو بێت و حەتمی ئەو هێزە دەبێ کە یەکگرتنی ئایدولۆژیکی ئەو کە لە سەر بناغەی ئوسوڵەکانی مارکسیزم دامەزراوە و قایم بووە ، لە سەر هێزی یەکگرتنی مادی ڕێکخراو کە ملیونەها خەڵکی ستەم لێکراو لە ئەرتەشی چینی کرێکار ڕێک دەخات ، بە ئەنجام بگات .

٢- شێوەی ڕەخنەگرتنی کۆمۆنیستی لە بوارەکانی تەشکیلاتی !

باسی پێشوومان بە کۆرتەیێک لە بۆچوونەکانی لینین بە کۆتایی گەیاندین . ئەم باسەیش بە ووتەیێکیتر لە لینین کە دیمەنێکە لە دەورانی بێ حیزبی رووسیا ، دەستی پێ دەکەین .



دەورانێک کە کاری ڕێکخستن و دامەزراندنی تەشکیلاتی حیزبی پرولیتاریا ئەرکی سەرەکی و ئەساسی سوسیال دیموکراسی رووسیا پێک دەهێنا . « سوسیال دیموکراسی رووسیا لە زەمینەی ڕەخنەگرتن لە تیئوریەکانی کۆنی شۆڕشگێرانە و سوسیالیستی کار و چالاکی زۆری کردووە . کارێک کە ئێستا بۆ سوسیال دیموکراسی رووسیا ماوەتەوە ئەوەیە کە هەنگاوی دوایی زۆر دژوارتر و لە هەمان حاڵدا زۆر گرێنگە و دەبێ هەڵیێ گرێت . یانی ڕێکخراوی هاوئاهەنگ لە گەڵ ئەم هەل و مەرجەی کە ئێمە تێداین ، بۆ ئەم بزووتنەوەیە دامەزرێنێ .
»

ئەو شتەی کە لانی زۆری یەکگرتوویی ، جێگیری و سەقاگیری ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار تەزمین دەکات . ڕێکخراوی شۆڕشگێرانی تەواو کات واتە ئەو تەشکیلاتە ڕێبەرایەتیەیە کە ڕێکخستنی پرولیتاریا پتەو دەکات و خەباتی چینی کرێکار بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجاری ڕێنوینی دەکات . لینین سوورە لە سەر ئەوەی کە : « پرولیتاریا بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی چەکێکی جگە لە ڕێکخستی نیە . »

ئێمە دەبێ ئەمڕۆکە بۆ دامەزراندنی ئاوا ڕێکخراوێکی شۆڕشگێر هەنگاو هەڵگرین کە هەر چەشنە پاشماوەیێکی پەیوەندیەکانی کۆرانەی کۆن فرێ بدات ، خۆی لە هەر جۆرە بێ بەند و باری تەشکیلاتی بپاڵێتەوە و تەنیا ڕێکخراوێکی حیزبی بە تەنیا یەک ئایدولۆژی ، یەک پروگرام و یەک تەشکیلات ، لە تەواوەتێکی یەک دەست دامەزرایێنێ . یەکێک لە ئەسلیترین مەرەجەکانی دامەزراندنی ئاوا سەقامگیرێک جێ بە جێ کردنی حەتمی یاساکان و سەقامگیری ئەوپرەنسیپانەیە کە هەر هێزێکی تەشکیلات ، هەر ئەندامێکی ڕێکخراو ، هەر هاورێکی بەرپرس و هەر بەش یان ئورگانێکی تەشکیلات ، دەبێ بە شێوەیکی تێ گەیشتووانە بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو تێ بکۆشن و بە شێوەیکی جیددی بە کاری بهێنن . گرێنگترین ئەسڵ ئەمەیە کە هەر کەس و هەر بەشێک لە تەشکیلات سەبارەت بە ڕەخنەگرتن تەحمولێکی زۆری لە خۆیەوە نیشان بدات و بۆ ئاشکرا کردنی بێ بەزئیانەی کەم وکوریەکانی کار و چالاکی خۆی زۆر هەوڵ بدات . هەروا کە پێشتریش گۆتمان ، بابەتەکانی ئایدولۆژیک ، پروگرام و بابەتەکانی تەشکیلاتی لە یەکتر جیا ناکرێنەوە . یەکگرتنی ئایدولۆژیک دەگاتە یەکگرتنی ڕێکخراوەیی و یەکگرتنی ڕێکخراوەیی یەکگرتنی ئایدولۆژیک بە هێز دەکات . پروگرام و ڕوانگەکانی ئایدولۆژیکی تەشکیلات گەشە ناکات مەگەر ئەوەی کە یەکگرتنی ڕێکخراوەیی لە ناوخۆی تەشکیلات دامەزرا بێت . بۆ ئەوەی کە بتوانین تیشکێکی رووناک بە سەر سیاسەتی ڕەخنەگرانە و شێوەی ڕەخنەگرتن لە ناوخۆی تەشکیلاتی ڕێکخراوی سیاسی

پرولیتاریا دا بخەین ، پێش لە هەر شت پێویستە بزانین خەباتی تەشکیلاتی لە کام هێلی دیاریکراو ، چۆن و لە چ ڕێگایێک بەرەو تەواوەتێکی یەک دەست و تاقانە پەرە دەستێنێ . ئایدولۆژی و پروگرامێکی یەک دەست لە هەر تەشکیلاتێک ، بە کردەوە تەزمین ناکرێت ، مەگەر ئەوەی کە ڕێکخراوێک بۆ بەردەوام بوونی کار و چالاکی دامەزرا بێت . تاکو لە پەیوەندی لە گەڵ بزووتنەوەی چینی کرێکار ، تەواوەتێکی یەک دەست و پێکەوە گرێ دراو دامەزرێنێ . ئاوا ڕێکخراوێکی شۆڕشگێر دانامەزرێ مەگەر ئەوەی کە پێکهاتی تەشکیلاتی و سیاسەتی ڕێکخستنی ئەو بە ئوسول و یاساکانی مارکسیستی _ لینینیستی پشت بەستوو بێت . شێوەی ڕەخنەگرتنی کۆمۆنیستی بەم ئوسول و یاسانە مادیەت دەبەخشێ و ئەوی دەکاتە تەواوەتێکی یەک دەست و ئورگانیک لە پێکهاتنی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا . لایەنەکانی ئەساسی و بە کردەوەی ئەم ئوسولە بریتین لە :

سانترالیزمی دیموکراتیک _ دسیپلین و کار و چالاکی بە پێ بەرئامە .

ئەلف _ سانترالیزمی دیموکراتیک

سانترالیزمی دیموکراتیک شتێک نیە جگە لە پەیوەندیەکانی تێ گەیشتووانە ، متمانە بوونی هاورێانە و مل کەچ بوون لە بەرانبەر ئوسول و یاساکانی حیزبی ، سانترالیزمی دیموکراتیک دوو بەشی لە یەکتر جیا نەکراو و ئەسلی حەتمی و پیویست لە هەر تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستیە کە نابێ لێ لا بدەین . بە بێ دیموکراسی تەشکیلاتی ، سانترالیزم و بە بێ سانترالیزم ، دیموکراسی ریکخراوەیی بە تەواوی مانا و ناوەرۆکی خۆی لە دەس دەدا . دیموکراسی لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی بە مانای ئازادی هەڵبژاردن و هاڵبژیران ، ئازادی دەربرینی بیر و ڕا و ئازادی ڕەخنەگرتن ، هۆی ئەسڵی تەزمین کەرەوەی ئازادی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی کونگرەی ڕێکخراو ، و ئامرازی ئازادی قسە کردن و بۆچوون و باس و ڕخنەگرتن ، کونفرانسەکانی شوێنەکان و ناوچەکانە . قسە و باسەکانی ناوخۆیی شانەکانی تەشکیلاتی ، بە تایبەت لە نێوان شانەکانی سێ یان پێنج کەسی تا ئەو کاتەی کە لە کونفرانسێکی گشتیتر و بەربلاوتری ڕێکخراوەیی زەمینەی باس کردنی ئامادە نەکرێت ، ناتوانێ گەشەی تیئوری و بیر و بۆچوون و یەکگرتنی فیکری لە ناوخۆی تەشکیلات تەزمین بکات . بە بێ کونفرانسەکانی شوێن و ناوچەکان ، لە باشترین حاڵدا ، پەیوەندی فیکری تەنیا لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە و رۆڵی ئەندامانی خوارەوەی ڕێکخراوی سیاسی زۆر لاواز دەبێ . چۆنکە ئەندامان ، بە بێ مێژینەی چالاکی تیئوریک و ئەزموونی درێژ ماوە و باسەکانی گشتی ، بە دەگمەن دەتوانن بگەنە بۆچوونەکانی فیکری و تیئوری تا و تەواو . بە بێ بەستنی ئاوا کونفرانسانەی ، بۆچوونەکان لە



سنووری شەوقەکانی فیکری ، و ڕەخنە گرتنەکان لە سنووری شانەکان تێپەر نابێ و لەوانەیە دەنگێک لە ڕەخنەگرتن لە ئورگانەکانی بەرپرس و ڕێبەرایەتی تەشکیلات نەبێت و یان هیچ کات کاریگەر نەبێت . لە بەر ئەم شتەیە کە لە هەل و مەرجی خەفەخانی پۆلیسی و سەرکوتی ئاشکرا کە ئیمکانی پێک هێنانی ئاوا کونفرانسانەی زۆر دژوار و یان بە تەواوی نا مومکینە ، ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستووی هەمان کونگرە . زەمانەتی جێ بە جێ کردنی ئەویش ، پەیوەندیەکانی هاورێانە و متمانەی دوو لایەنەیە کە پەیوەندیەکانی هاورێانە و ساق لە نێوان ئەندامانی حیزبی و ئورگانەکانی ڕێبەرایەتی ، لە نێوان بەرپرسان و ئەندامانی حیزبی پێک دێنێ . ئەم متمانە دوو لایەنەیە خۆی لە لایێکەوە ، بەرهەمی راستی و دروستی شێوە و شێواز و پروگرامی تەشکیلات و لە لایێکی دیکەوە ئاکامی هەڵسوکەوتی ئوسولی و زۆر بەرپرسانەی ئورگانەکانی ڕێبەرایەتی لە گەڵ ڕەخنەگرتنەکانی هێزەکانی ناوخۆیی تەشکیلاتە . ئەم متمانەیە بەرهەمی تێ گەیشتن و توانایی ئورگانەکانی بەرپرس و سەرنجی قووڵ و جیددی ئەوان بە راپورتەکانی تەشکیلاتی و ڕوانگەکانی ڕەخنەگرانەی هاورێانی شانەکانە . ئورگانەکانی ئەسڵی و بەرپرسی ڕێکخراو دەبێ خۆیانیش هەر چەشنە کردەوەی خۆیان بە هەڵسەنگاندنی بەردەوام و ناو بردن و ئاشکرا کردنی ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە سەرە بۆ شانەکانی خوارەوەی تەشکیلات وەک راپورت بنێرن ، و لە هەموو ئەندامان و شانەکانی حیزبی داوا بکەن تاکو بۆچوونی خۆیان بە نیسبەت ئەو ڕابگەێنن و بۆچوونی ڕەخنەگەرانەی خۆیان بە شێوەێکی ئاشکرا و روون ڕابگەێنن . ئەم متمانەیە بەرهەمی کردەوەی ورد و دەقیقە ، بەڵێن بە ڕێککەوتنەکانی تەشکیلاتی و دروستی ڕێبەرایەتی تیئوری و پراتیکی تەشکیلاتە . ئەم متمانەیە لە گۆتەێکی کۆرت دا دیموکراسی تەشکیلاتیە . ئەمەی کە پێمان وا بێت ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا هەمیشە و هەموو کات لە بۆچوونەکانی یەک دەست و وەک یەک لە هەموو ئاستەکانی تیئوری و پراتیکی بەهرەمەندە ، فیکریەتێکی میکانیستی و بە تەواوی زەینییە . لێرە دا پرسیار ئەمەیە کە چۆن دەتوانین لە تەنیا یەک تەواوەتی قسە بکەین ؟! چۆن دەتوانین سەرەرای بوونی هندێک ناکۆکی لە کردەوەی خەباتگێرانە ، گەیشتە یەکگرتنی تا و تەواو ؟! حیزبی پرولیتاریا بە تێ گەیشتنی ئەم راستیە کە پەرەساندنی ڕا و یەکگرتنی فیکر و کردەوە ، لە پرۆسەی درێژخایەنی خەباتی ئایدولۆژیک _ سیاسی بە ئەنجام دەگات و بە قبووڵ کردنی ئەم ئەسڵە دا کە یەکێتی و یەکگرتنی فیکری لە یەک یان چەند زەمینە دا ، هیچ کات و هەرگیز بە مانای دامەزراندنییەکگرتن لە هەموو تیئوری و پراتیکی نیە ، تەنیا لە ڕێگای جێ بە جێ کردنی ئەم دیموکراسیەیە کە دەتوانێ و دەبێ تەواوەتێکی تاقانە لە

هەموو و لە هەر هەل و مەرجێك ، بە شێوەیەکی حەتمی فەراهەم بکات . ئەمە بە چ مانایکە ؟ ئەمە بەم مانایە کە رێکخراوی سیاسی پرولیتاریا دەبێ بەو ڕادەیە لە گەشە کردنی تەشکیلاتی بگات و ئاوا یاساکان و ئوسولێك لە خۆیدا پەرەردە و بە هێز بکات کە تەنانەت لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیەکانی ئەساسیش بتوانێ یەکگرتنی تەواوی کردەوەیی و سیاسی خۆی بپارێزی . ئەمە بە مانای بە دوا دا رۆیشتی‌ن تەواوی کەمنیە لە زۆرینەیە . رێکخراوی سیاسی پرولیتاریا لە درێژەی ژیانی خەباتگێرانەی خۆی ، جیا لەوەی کە کەمینە کی‌یە و زۆرینە چ کەسێکە ، دەبێ و حەتمی دەبێ سیاسەتێکی یەك دەست کە لە راستی دا هەمان ئیرادە و بۆچوونی یەك دەستی زۆرینەی هێزەکانی ئەوە ، بکاتە شێوازی تاقانە و تەواوەتی جووڵانەوەی خەباتگێرانەی خۆی . ئەم کارە سەر ناگرێ ، مەگەر ئەمەی کە زۆرینە هەمیشە و لە هەموو حالێکدا پابەن بێت بە ئەسڵی دیموکراسی و رێگای خەباتی ئایدولۆژیك _ سیاسی بۆ کەمینە و هێزەکانی نەیاری هەلویستەکان ، خۆش بکات . هەبوون و دامەزراندنی ئەم دیموکراسیەیە کە تەواو کەرەوەی دیموکراسی ، واتە سانترالیزم لە ناوخۆی تەشکیلات دادەمەزرێنێ و پتەوی دەکات ، و کەمینەیش بە دوای زۆرینە و قبووڵ کردنی سیاسەتی گشتی تەشکیلات و ئورگانەکانی رێبەرایەتی ئەو مەجبوور دەبن . رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار ، ئامرازی رێبەرایەتی گوردانی مەزنی پرولیتاریایە . بە بێ پێك هێنان و دامەزراندنی فەرماندەئێکی یەك دەست و دیسیپیلینی شۆرشگیرانە ، ئیمکانی سەرکەوتنی چینی کرێکار هیچ کات مسۆگەر نابێ . ئەسلی حەتمی دیسیپیلین لە هەر تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی دەتوانین لە چوار خاڵی خوارەوە کۆرت بکەینەوە :

پەیڕەوی کەس لە کۆمەڵ ، پەیڕەوی ئورگانی خوارەوەتر لە ئورگانی سەرەوە تر ، پەیڕەوی کەمینە لە زۆرینە و پەیڕەوی تەواوەتی رێکخراو لە ناوەندی رێکخراو .

چ لە شانەێکی سوور، چ لە بەشێکی تەشکیلات و چلە بەرزترین ئورگانەکانی رێبەرایەتی تەشکیلات ، هەر هاورێك تەنانەت بە بۆچوونی بە پێچەوانە ، حەتمی و حەتمی دەبێ ئیرادەی زۆرینەی تەشکێلات ، واتە ئیرادەی کونگرەی رێکخراو کە لە ناوەندی رێکخراوی سیاسی پرولیتاریا کۆکراوەتەوە ، جێ بە جێ بکات . هەر هاورێکی کۆمۆنیست دەبێ لە ئاوا تەحمووڵی شۆرشگێرانە و دیسیپیلینی حیزبی بەهرەمەند بێت کە لە گەڵ دژایەتی زۆرینەی تەشکیلات لە گەڵ ڕا و بۆچوونی ئەو ، سەرەرای خەباتی چالاکانەی سیاسی _ ئایدولۆژیك ، خۆی بە قبووڵ کردن و جێ بە جێ کردنی حەتمی رێنوینیەکانی بە کردەوە و تەشکیلاتی مەجبوور بزانێ . دەبێ بە جێگای بۆڵە بۆڵ و ورینەکانی کات کوژ و کۆر بەستنی رووخێنەری تەشکیلات ، کە



تەنیا هێز و توانای کار و چالاکی لە رێکخراوی حیزبی دەستێنێ و یان هێزەکانی تەشکیلات تووشی بێ کردەوەیی و پاسیفیزم دەکات ، بە ڕەخنەگرتنی بێ بەزەئیانە لە ئەو شتەی کە بە ڕای ئەو نادروستە ، خەریکی خەباتی سیاسی _ ئایدولۆژیك بێت و بیر و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بابەتەکانی تەشکیلاتی و ڕوانگەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیکی حاکیم بە سەری دا لە بەر دەستی هەموو تەشکیلات دابنەی و دڵنیا بێت ئەگەر بۆچوونی ئەو دروست بێت ، دەنگی زۆرینەی تەشکیلات بەرەو لای بۆچوونەکانی خۆی ڕادەکیشێ . هاورێك کە بە دەنگی زۆرینەی تەشکیلات بڕوای نەبێت ، هاورێك کە هۆکاری تێ گەیشتن لە ڕەوتی جووڵانەوەی بە کردەوەی پرولیتاریا کەم بایەخ بزانێ ، دەبێ بلین کە لە راستی‌دا بڕوای بە خۆی و بە بۆچوونەکانی خۆی نی‌یە . ئەم بێ بڕوائیە زۆرتر لە هەموو شت زەربە و زەرەر لە سانترالیزم دەدات و هێز و توانای رێکخراوی چینی کرێکار لاواز دەکات . هەروا کە دیموکراسی لە هەل ومەرجی نهێنی خەبات لە پابەن بوون بە ئوسول و یاساکانی رێکخراوەیی و متمانەی هاورێانە مانا پەیدا دەکات ، سانترالیزمیش لە هەر تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی ، بەرهەمی تێ گەیشتووانە و لە بەر چاوگرتنی چوارچێوەی ناسراو و قبووڵ کراوی رێکخراوەئیە . سانترالیزم بەرهەمی دیموکراسی و تێ گەیشتنە . سانترالیزم پێویستی رێکخستن و ئاکامی رێکخستنی چینێکە کە بۆ سەرکەوتن بە سەر بورژوازی و ئورگانی سەرکوتگەری ئەو ، جگە لە یەکگرتن و هێزی رێکخستن ، ناتوانێ خەباتی خۆی بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەێنێ . هەر چەشنە کردەوەێکی دژی سانترالیستی ، لە کۆتایی‌دا شتێك جگە لە درێژ خایەن تر کردنی کویلایەتی و چەوسانەوەی چینی کرێکار بە ئامانجی خۆی دانانەی . لە بەرانبەر ئەم بۆچوونانە دژی سانترالیستیە ، تێ گەیشتنێکی بە لارێ چووانەی‌تریش لە سانترالیزم هەیە . بۆچوونێك کە سانترالیزم وەك پەیوەندیەکانی بوروکراتیك و تێ نەگشیتووانە دەزانێ . بۆچوونێك کە پێ وایە ، بە بێ ناوەرۆکی کۆمۆنیستی و تێ‌گەیشتنی چینایەتی ، دەتوانن یەك ریزی و یەکگرتنی پرولیتاریا بپارێزین و بە جێ بە جێ کردنی تەنیا و تەنیا ئۆتۆریتەی تەشکیلاتی و بە کار هێنانی ئامرازی رێکخراوەیی ، بە خۆ هەڵکیشان و بە دوای پلە و پایە دا رۆیشتن دەتوانن دیسیپیلینی تەشکیلاتی و سەقامگیری سیاسی ئەو پیارێزن . ئەم بۆچوونە کە زۆرتر لە ئاکامی لاوازی سیاسی _ ئایدولۆژیك و یان بە لارێ چوونەکانی ناپرولیتری بەرپرسانی بەشەکانی جۆر بە جۆری تەشکیلات ئیمکانی سەرهەڵدانی هەیە ، تەحمووڵی هەر چەشنە ڕەخنەگرتن لە خۆ لە دەس دەدات . بۆچوونەکانی نەیاری خۆی بێ بایەخ و کەم بایەخ دەکات و لە بەرانبەردا هێز و توانای فێر بوون لە دەس دەدات . ئەم بۆچوونە بە کردەوە زەمینەکانی گەشەی فیکری

خۆی بە تەواوی لە دەس دەدات و لە درێژەی ئەم شێوە بوروکراتیکانە دا ، نەک تەنیا ناتوانێ دیسیپیلینی تەشکیلاتی و پرەنسیپەکانی ئەو بپارێزی ، بەڵکو مەجبوورە هەر چەشنە بۆچوونی نەیاری خۆی سەرکوت بکات . ئەم ڕوانگە بە لاری چووانە بوروکراتیکە ، کە نموونەی زۆر ئاشکرای ئەو لە ڕەوتی زاڵ و موسەیتەر بوونی شێوازی راست و دژی چەپی ئەکسەریەتیەکانی ( زۆرینەکانی ) خائین بە سەر ڕێبەرایەتی ڕێکخراو بینیمان . هەر ڕەخنەی تەشکیلاتی وەک بە لارێ چوونی ئایدولۆژیک _ سیاسی دەناسێنێ و هەر ڕەخنەیکی سیاسی _ ئایدولۆژیک بە مۆری دژی تەشکیلات بوونبایکوت دەکات ! ئۆتۆریتە بەرهەمی پۆتانسیەڵ و توانائیە . ئۆتۆریتە ئاکامی هێز و توانایی ، و بوروکراسیش ، بەرهەم و ئاکامی لاوازی ڕێبەریە ! تا ئەو کاتەی کە پروگرام و شێوازی پرولیتری لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی بە شێوەیکی تەواو جێ گیر نەکرا بێت ، بە تایبەت لە دەورانی نهێنی خەبات دا ، سەرهەڵدانی ئەم بە لارێ چووانە ، ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە گەڵ مەترسی جیددی و هەڵوەشاندنەوە ، روو بە روو دەکات . ئاکامی ئەم جۆرە پەروەردە کردنە ، پێک هێنانی ئەخلاقیاتی کۆرانە ، گۆرینی هەستی شۆرشگێرانە بە ناهومێدی و جێگیر کردنی ترس و قایل بوون و مەرایی بە جێگای بڕندەگی و نەترسی و خۆڕاگریە . لە کۆتایی دا ، متمانە و متمانەی هاورێیانە لە هەر بەشێکی تەشکیلات کە ئاوا پەیوەندیانەی لەوێدا حاکیم بێت ، لە ناو دەچێ و هەمووی تەشکیلات لە ناو خۆوە دادەرزێ ! ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار دەبێ لە گەڵ ئەم بۆچوونە لە سەرەتائیترین شێوەی سەرهەڵدانی ئەو زۆر بە سەختی و تووندی خەبات بکات . باشترین رێگای چارە سەر ، لینین لە پێوانەکانی وەرگرتنی ئەندام لە حیزبی چینی کرێکار بە کار دەهێنا . سەرنجی لینین بە تێ گەیشتنی پێویست لە ئەندامانی حیزب وەک مەرجی قبووڵ کردنی ئەندامەتی ئەوان ، گرینگی ئەم شتەی بە ئاشکرایی نیشان دەدات . ئێمە لە ووتەکانی پێشوومان لە پێویستی تێگەیشتنی کادێر و ئەندامانی ڕێکخراو لە بنیاتەکانی تیئوریک ، شێوە و شێواز و پروگرام قسەمان کرد ، بەڵام بابەتێکی دیکە کە حەتمی دەبێ لە بەر چاوی بگرین ، تێ گەیشتنی بە لارێ چووانە لە ئازادی ڕەخنەگرتن و دیموکراسی حیزبیە . خاڵی بەرانبەری سانترالیزمی بوروکراتیک ، مەیل بە دیموکراسی تەواو و ئازادی ڕەخنەگرتنە . لە حالێکدا لە ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار نە دیموکراسی تەواو و نە ئازادی ڕخنەگرتن ، بە بێ چوارچێوەی دیاریکراو بوونی نیە . ئەم چوارچێوە هێلەکانی ئەساسی و بنیاتی ئایدولۆژیکی ڕێکخراوە . بۆ نموونە ، ئەمرۆکە لە تەشکیلاتی پرولیتاریایی نە بۆچوونەکانی بە لارێی توودەیی _ ئەکسەریەتی و نە سێ جیهانی و یان سوسیال ئیمپریالیزم



، نە دەتوانن خوازیاری مافی ئەم بە لارێ چوونە ئەمرۆکە بە تایبەت لە هێزەکانی زۆر لە ڕێکخراوەکانی سیاسی ئێستا کە لە شێوازی گشتی خۆیان پاشگەز بوون ، دەبنیدرێت . ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار هاوکات لەگەڵ دیفاع و بە کار هێنانی ئوسوڵەکانی دیموکراتیک ، لە زەمینەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیک و تەشکیلاتی هیچ کات سنووری ئازادی ڕەخنەگرتن و دیموکراسی حیزبی تێکەڵ ناکات .

ب _ دیسیپلین و کار و چالاکی بە بەرنامە .

ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار بە دیسیپلیـن پۆلائینی خۆی زیندووە . دیسپیلینی پۆلائین لە حیزبی چینی کرێکار هەروا کە لینین تەعکیدی لە سەر دەکات ، بەرهەمی هەست بزوێنەری بێ وێنەی کادێرەکانی ڕاستگۆ و وەفاداری تەشکیلات و شێوە و شێواز و پروگرامێکە کە راستی و دروستی خۆی بە کردەوە و لە ڕەوتی خەباتی درێژ خایەنی پرولیتاریا ، بۆ کۆمەلانی کرێکار سەڵماندووە . ئەمە ئوسولێکە کە دیسیپلین لە ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا دەکاتە هۆکاری پایەدار و هەمیشەیی . ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار بۆ دامەزراندنی دیسیپلیـن پۆلائین و بۆ بە کار هێنانی دروستی پروگرامی خەباتیپرولیتاریا و راست و دروست کردنی ئەو لە ڕەوتی بەرەو پێش چوونی خۆی دەبێ شێوە و شێوازی دامەزراندن و پێک هێنانی ئاوا دیسیپیلینێک لە هێڵەکانی ئاشکرای ئەو دیاری بکات . دامەزراندنی ئەم دیسیپیلینە ، واتە کار و چالاکی بە بەرنامە و ڕەخنەگرتنی بەردەوام و هەمیشەیی لە چالاکی خۆمان . هەر بەشێکی تەشکیلات ، هەر دەستەیکی حیزبی و هەر شانەیکی سوور و تەنانەت هەر ئەندامی شانەیێک دەبێ بەرنامەی کۆرت ماوە و درێژ ماوەی شیاوی جێ بە جێ کردن لە هەموو زەمینەکانی چالاکی خۆی دا دارێژێنێ ، و بە شێوەیکی هەمیشەیی و رێک و پێک جێ بە جێی بکات . ئەم بەرنامەیە بە شێوەیکی حەتمی بەرنامەیکە لە چوارچێوەی ئەرک و چالاکیەکانی کە لە لایەن تەشکیلات پێ سپێردرایە . تەنیا هەڵسەنگاندنی وردی ئەم بەرنامەیە و کارکردی ئەوە کە ناوەرۆکی ڕەخنەی تەشکیلاتی ، شێوەکانی بە کار هێنانی سیاسەت ، شێوەی پێ راگەیاندن و پەرەپێدان ، ئاستی چالاکی ، ڕادەی دیسیپیلین و لە کۆتاییدا هەموو خاڵەکانی بە هێزی و لاوازی جووڵانەوەی هەر دەستە و هەر بەشێکی تەشکیلاتی بە شێوەیکی تەواو ئاشکرا دەکات . راپورتەکانێک کە هەر دەستەی لەم کۆمەڵە چالاکیە ئامادە دەکات لە گەڵ ڕەخنەگرتنەکانی سەرەوەتری خۆی ، باشترین و کاریگەرترین ئامرازی گواستنەوەی تەجرووبە و ئەزموون و یەکێک لە هۆکارەکانی یەکگرتن و یەک دەستی هەموو تەشکیلاتە .

٣ـ ئەخلاق و تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی و پێویستی خەبات بۆ پالاوتنی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا ! لە باسی پێشوودا بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕێنوێنیەکانی لینین ، گوتمان کە تایبەتمەندی دیموکراتیکی حیزبی سیاسی چینی کرێکار لەمەیە کە ئەندامانی حیزب ، خۆیان ئورگانەکانی ڕێبەرایەتی هەڵدەبژێرن ، کونترۆڵیان دەکەن ، لایەنی کار بۆیان دیاری دەکەن ، لە ژیانی حیزبی و لە باس سەبارەت بە هەموو ئەو بابەتانەی کە لە حیزب دەکرێ و هەروەها لە چارەسەری ئەوان بەشداری چالاکانەیان هەیە . گوتمان کە ، ئەرکی هەرحیزبێکی کۆمۆنیست ڕێکخستنی خەباتی پرولیتاریا و ڕێبەری ئەم خەباتانەیە . حیزبی سیاسی چینی کرێکار ، ڕەنگدانەوەی ئیرادە و ویستی یەکگرتووی پرولیتاریا و تێ گەیشتووترین بەشی چینی کرێکارە .بۆیە ڕێکخستنی سیاسی پرولیتاریا لە سەرەتاوە و لە قۆناخی یەکەم لە کۆمەڵێک کەسەکان پێک دێت کە نە تەنیا دەبێ شێوە و شێواز و پروگرامی ئەو لە سەرەوەی چالاکی بەکردەوەی خۆیان دابنەن ، نە تەنیا دەبێ لێهاتوویی و توانای سیاسی ئایدولۆژیکی پێویست بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم هەڵبژاردنە تێگەیشتووانەیە و هێزی کردەوە لە هەموو شێوە و شێوازێک و ناوەرۆکەکانی چالاکی ڕێکخراوی حێزبیان هەبێ ، بەڵکو گرینگتر لە هەموو شت دەبێ خاوەن ئەخلاق و تایبەتمەندیەکانی پرولیتریش وەک بەرزترین ئەخلاقی شۆرشگێرانە و تایبەتمەندی کۆمۆنیستی بێن . بەرچاوترین تایبەتمەندی کۆمۆنیستی لە یەک قسەدا بریتی‌یە لە : ڕەت کردنی کەس پەرەستی ، دامە زران و پتەوکردنی وورەی هاوپشتی گشتی ، واتە یەکگرتنی تێگەیشتووانە لە ئورگانیزمێکی یەک دەست و بەڵێنی هەمیشەیی بەم یەکگرتنە . هەر هێزێکی کۆمۆنیست دەبێ سومبوڵی ئیرادەی پرولیتاریا ، نموونەی ئەخلاقی شۆرشگێرانە ، سومبوڵی ڕێک و پێکی و دیسیپلین ، شەهامەت و نەترسی ، خاوەن بڕیار و سوور بوون لە سەر بڕیار و سەرانسەر هەست و شوری شۆرشگێرانە بێت . تێگەیشتن بە بێ ئیرادە و ئیرادە بە بێ هەست و شوری کۆمۆنیستی هیچ جۆرە بایەخێکی شۆرشگێرانەی نی‌یە ! بەلام تەنیا تێگەیشتن بە نیسبەت ئەم تایبەتمەندیە و زانینی ئەخلاقی شۆرشگێرانە و کۆمۆنیستی بەس نی‌یە . تەنیا مەحکووم کردنی هەر جۆرە ئەندیویدوئالیزم و کەس پەرەستی ناپرولیتری بەس نی‌یە . تا ئەو کاتەی هەل و مەرجەکانی پێویست و ئامرازەکانی بەکردەوە بۆ بە دەس هێنانی ئەم ئەخلاقانە و پێک هێنانی ئاوا تایبەتمەندیانەی ئامادە نەکرێت ، دووپات کردنەوەی بێ رۆحی ئەم ئوسوڵە هیچ کات لە سنووری دروشمەکانی پووچەڵ و ئامۆژگاریەکانی بە ڕواڵەت پیرۆزی ئامۆژگاری کەران تێ ناپەڕێ . بۆیە بۆ ئەوەی کە تاریف کردنی ئەخلاق و تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی لە سنووری باسەکانی گشتی و قسەدا



نەمێنێتەوە و نەبێتە ئامۆژگاریەکانی زانایانە ، دەبێ تێگەیشتنێکی روون بخەینە روو و هەل و مەرجەکانی حاکیم بە سەر پێک هێنانی ئاوا تایبەتمەندیانەی روون بکەینەوە . دەبێ لە هەر چەشنە زەینی بیر کردنەوە بە شێوەیەکی زۆر جیددی خۆ بپارێزین . دەبێ دیدێکی روونمان هەبێ لە چۆنیەتی پێک هاتنی ئەم تایبەتمەندیانە . دەبێ هەل و مەرجەکان و ئەو هۆکارانەی کە لە ئاکامی ئەودا ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە تایبەتمەندی ناپرولیتری و بیر و بۆچوونەکانی وردە بورژوایی و بورژوایی پێک دەبێتەوە بە باشی بناسین . هەروا کە لە سەرەتاکانی ئەم باسانەدا ئاماژەمان پێ کرد ، تایبەتمەندیەکان و ئەخلاقیش وەک تێگەیشتن و شعوور ، بەرهەمی هەل و مەرجەکان و ناوخۆی حیزبە . بۆیە لە قۆناخی یەکەم دا ئەمە خۆدی حیزبی سیاسیە کە دەبێ وەک شوێنی ژیانی سیاسی کادێرەکان و ئەندامانی خۆی ، لە ڕەوتی بەشداری چالاکانە لە خەباتی شۆرشگێرانە ، زەمینەکانی گەشە کردن و بەرز بوونەوەی کادێرەکانی خۆی و پالاوتنی حیزب ئامادە بکات . ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا بۆ بنیات نانی کۆمەڵگای نوێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ، بە شێوەیەکی حەتمی دەبێ ریزەکانی خۆی پێش لە هەموو شت لە خراپەکانی کۆمەڵگای چینایەتی ڕابردوو و ڕزیو ، پێک بکاتەوە . لە ڕێگای ئەم پالاوتنە بەردەوامەیە کە حیزبی چینی کرێکار دەبێتە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن ، ئیرادە و ویستی پرولیتاریا .

پالاوتنی ناوخۆیی حیزبێک لە تایبەتمەندی و ئەخلاقیاتی توێژەکانی مام ناوەندی و دواکەوتووی کۆمەلایەتی و تایبەتمەندیەکانی ناپرولیتری وەک ئەندیویدوئالیزمی بورژوایی و کاردانەوەکانی رووخێنەری ئەو بە سەر ژیانی حیزبی بە هەمان رادەیە گرینگە و لە باری سیاسی لە پلەی یەکەم دایە کە پالاوتن و یەک دەستی سیاسی ـ ئایدولۆژیکی ناوخۆیی ئەو . و دروست بە هەمان ڕادەیشە لە پتەو بوونی ناوخۆیی تەشکیلاتی ڕێکخراو گرینگە . پەیوەندی جیا نەکراو لە نێوان شێوە و شێواز ، ڕێکخستن و تەشکیلات و پێک هێنان و سەقامگیر کردنی تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی وەک سێ بەشی جیانەکراوی ئەسڵی یەکگرتنی تەواوەتی حیزبیش لەم جێگایە مانا پەیدا دەکات . ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا بە پێک هینان و دامەزراندنی یاساکانی ژیانی حیزبی کادێرەکانی کۆمۆنیست پەروەردە دەکات ، ئەوان بە یاساکانی ژیانی حیزبی وەفادار دەکات و فێریان دەکات کە چۆن بە سەر گیر و گرفتەکان زاڵ بن و کەم و کۆریەکانی کار و چالاکی لە سەر ڕێگای خۆیان لا ببەن . بەلام حیزبی پرولیتاریا کۆمەڵی بە زۆری هێزەکانی پێک هێنەری خۆی نی‌یە و ناتوانێ ئاوا بێت . هەر کەس بەشێک و هەر حیزب تەواوەتیەکی یەک دەستە کە ئامانجەکانی یەک دەستی چینایەتی پرولیتاریا لە

خۆیدا کۆ کردووتەوە . تەواو زانینی ڕۆڵی حیزب و سەرنج نەدان بە بەرپرسایەتی ئەندامان لە تەواو نەکردنی کار و چالاکیەکان و ڕاست کردنی هەڵەکانی خۆیان ، هەروا نازانستیە کە لە بیر کردنەوەی ڕۆڵی دیاریکەری حیزب لە پەروەردە و فێر کردنی هێزەکانی خۆی ! هەروا کە گۆتمان ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا نیشاندەری بیر و بۆچوونی کرێکارانی تاک و جیاواز نی‌یە ، بەڵکو نیشاندەری بیر و بۆچوونی چینێکە کە لە ڕێگای پرۆگرامێکی هاوبەش و خەباتی هاوبەش لە ریزەکانی ڕێکخراوی سیاسی خۆیان کۆ بوونەتەوە . حیزبی چینی کرێکار ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی گشتی و هەموو لایەنەی پرولیتاریای شۆڕشگێر و نیشاندەری تایبەتمەندیەکانی تاوتەواوی پرولیتاریائیە . ئەمە بە مەرجێکە کە حیزبی پرولیتاریا زۆربەی هێزی خۆی لە نێوان خۆدی چینەکە و لە نێوان تێگەیشتووترین کرێکاران هەلبژێردرا بێت . تەنیا بەم شێوەیە دایە کە ئەم ئورگانیزمە ئالۆز و بەرزە ، نەک تەنیا دەتوانێ یاساکانی ژیانی حیزبی دامەرزێنێ ، بەڵکو هەموو تایبەتمەندیەکانی پرولیتاریای شۆڕشگێر دەتوانێ نیشان بدات و هێزی خۆی لە هاوئاهەنگی لە گەڵ ئەم تەواوەتیە یەک دەستە ڕێک بخات . تەنیا لەم حاڵە دایە کە حیزبی چینی کرێکار تایبەتمەندی چینێکی پەرەئەستێنەر بە خۆیەوە دەگرێ کە لە ڕەوتی پالاوتنی خۆیدا هەموو جۆرە بۆچوون و مەیلێکی جگە لە خۆی فرێ دەدات و خۆی لەوان پاک دەکاتەوە . ئەمە تەنیا پرولیتاریایە کە لە گۆڕەپانی چالاکی بەرهەم هێنەرانەی خۆیدا هەر جۆرە پەیوەندی بە خاوەن ملکایەتی تایبەتی لە دەس دەدات ، کەس پەرەستی فرێ دەدات و حسابی خۆی لە هەر جۆرە مەیل و بۆچوونێکی سەر بە خاوەن ملکایەتی و هەستی پیرۆز بوونی ئەو کە سەرچاوەی کەس پەرەستی ، ئەخلاقیاتی شەخسی و خاوەن ملکایەتیە ، جیا دەکاتەوە . ئەخلاقی گشتی کۆمۆنیستی و یەکگرتنی خەباتگێرانە لە خۆی دروست دەکات و بە هێزی دەکات . بەڵام تا ئەو کاتەی کە ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار بە گشتی لە هێزەکانی روشنبیری سەر بە توێژەکانی مام ناوەندی کۆمەڵگا پێک هاتە بێت ، نە تەنیا حیزبی سیاسی چینی کرێکار نی‌یە ، بەڵکو هیچ کات ناتوانێ ئاوا ئوسوڵ ، هەل و مەرج و یاساکانی دامەزرێنێ کە بتوانێ وەک تەواوەتیەکی یەک دەست لە گەڵ هەر جۆرە مەیل و بۆچوونێکی ناپرولیتری تەنانەت خەبات بکات و لە خەتەری مەیل و بۆچوونەکانی جۆربەجۆری بەلارێ چووانەی ناپرولیتری خۆی دەرباز و ڕزگار بکات !

ئێستا دەبێ ببینین شتەکانی ناتەواو و ناپاک و تایبەتمەندیەکانی ناپرولیتری لە ناوخۆی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی چۆن و لە چ ڕێگایێک کار دەکەن و ڕێگای خەباتی بەردەوام لە گەڵ ئەوان چی‌یە ؟



کاتێک لە ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار قسە دەکەین ، ئەگەر چی بڕوامان بە ئەوەیە کە لە تەواوەتی خۆیدا لە سەر ئەساسی تایبەتمەندی و ئەخلاقی کۆمۆنیستی دامەزراوە ، بەڵام ئەم شتە هیچ کات بەو مانایە نی‌یە کە لە گەڵ تەشکیلاتێکی بە تەواوی پاک لە تایبەتمەندیەکانی ناپرولیتری و بە دوور لە هەر جۆرە کەم و کوڕی ڕووبەڕووین . ئەمە تێگەیشتنێکی مەتافیزیکی و پچراو و جیاوازە ، چۆنکە حیزبیش لە ڕەوتی گەشە کردنی خۆیدا ڕێگای پەرەساندنی تێپەر دەکات و لە ڕەوتی خەباتی بێ وچانی ناوخۆیی بەردەوام خۆی دەپاڵێتەوە و تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی لە هێزەکانی خۆی بە هێز دەکات . تایبەتمەندیەکانی ناپرولیتری بە دوور دەخات و خۆی پتەوتر دەکات . چۆنکە هەروا کە لینین ئاماژەی پێ دەکات ، تا ئەو کاتەی کە بەرهەم هێنانەکان خۆیان لە کۆمەڵگا وجودیان هەیە ، بۆچوون و مەیلەکانی پەیوەندی دار بەم شێوە بەرهەم هێنانە بە شێوەیێکی ڕوو لە زیاد بوون حیزبی چینی کرێکار لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەو دەخاتە بەر مەترسی و خەتەر .

بەرچاوترین نموونەی مەیل و بۆچوونەکانی بەلارێ چووانەی ناپرولیتری ئەندیویدوئالیزم و مەیلەکانی پەیوەندی دار بە قازانجەکانی بەرچاوتەنگی تاکەکەسی و بیر و بۆچوونەکانی وردە بورژوائیە کە نە تەنیا لە لایەن هێزەکانی روشنبیری وردە بورژوا ، بەڵکو هەندێک جار لە لایەن خۆدی کرێکارانیش دزە دەکاتە ناو ریزەکانی حیزبی چینی کرێکار . ئەم جۆرە مەیل و بۆچوونانە ، پەرە بە کەس پەرەستی دەدات ، ورە و ئەخلاقی تاقمی و کوڕی بەرز دەکاتەوە ، دیسیپیلینی حیزبی تێک دەدات و هێز و لێهاتوویی و کارئامەیی خەباتگێرانەی ئەو بە شێوەیێکی ئەساسی و لە ریشەوە لاواز دەکات . ئەندیویدوئالیزم یان ورەی تاکەکەسی گەرایی ، خەتەرناکترین مەیل و بۆچوونی دژی حیزبیە و ئەگەر لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی مەجاڵی درێژەدان بە ژیانی بۆی پێک بێت ، پەیوەندیەکانی هاورێیانە لاواز دەکات ، متمانەی کۆمۆنیستی لە ناو دەبات و تەشکیلات لە ناوخۆوە دادەرزێنێ .

تاکەکەس گەرایی ، میراتی بیر و بۆچوونەکانی بورژوایی و وردە بورژوایی پاشماوە لە کۆمەڵگای چینایەتی لە تەشکیلاتی پرولیتریە کە بە دژی ئەخلاقی کۆمۆنیستی کار دەکات . تاکەکەس گەرایی ئاکامی پیرۆز زانینی خاوەن ملکایەتی ، پابەن بوون بە ستەم کاری چینایەتی و بەرهەمی بیر و بۆچوونەکانی دواکەوتووانەی وردە بورژوایی و ڕەنگدانەوەی ئیدەئالیزمی تەواوە . تاکەکەس گەرایی لە پەیوەندی جیا نەکراو لە گەڵ شێوەی کار و چالاکی و شێوەی ژیانی وردە بوژوائیە کە نموونەی ئەو لە کار و چالاکی تاکەکەسی یان گروپەکانی زۆر بچووکی بەرهەم هێنان دەتوانین ببینن . تاکەکەس گەرایی لە شێوازەکانی جۆربەجۆر لە سادەترین تا

ئالۆزترین بابەتەکانی حیزبی ، خۆی نیشان دەدات . مرۆڤی تاکەکەس گەرا سەرەرای هەموو هەولێک کە بۆ شاردنەوەی خۆی بە کار دێنێ ، بەڵام هەرگیز ناتوانێ خۆی بشارێتەوە ، چۆنکە هەموو شتێکی ئەو لە گرەوی خۆنواندنی خۆیە ! تاکەکەس گەرایی بە پێچەوانەی تایبەتمەندی کۆمۆنیستی کە قازانجەکانی پرولیتاریا و حیزبی ئەو بە لایەوە گرێنگتر و بەرزتر لە هەموو کارێکیترە ، پرولیتاریا و حیزبی ئەو لە خزمەتی خۆی دەیەوێ . روشنبیری وردە بورژوا بە پێچەوانەی کۆمۆنیستەکان بە تێگەیشتنێکی جیاواز و پچراو بە نیسبەت رۆڵی مرۆڤــ لە شوێنی کار و ژیان و هەل و مەرجەکان ، خۆی بە سەنتەری هەموو گۆرانکاری و وەک قارەمان و رزگاریدەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەزانێ و لە خۆ تاریف کردن و گەورە کردنی خۆ و کاری خۆی ، سنوورێک ناناسێ . روشنبیری ئەندیویدوئالیست لە هەر کار و ئەرکێک کە پێ ئەسپێردرێ ، تووشی دژایەتی زۆر ئاشکرا دەبێ . ئەو لە لایەکەوە بە هۆی بیری تەسک و بۆچوونی پارێزگارانە لە سنوور و بەربلاوی کاری خۆی کەم دەکاتەوە و لە لایێکی دیکەوە لە زنجیری مەیل و بۆچوونەکانی لە خۆ تاریف کارانە دەس دەداتە خۆنواندن و گەورە کردنی خۆی و کاری بەربەست و بچووکی خۆی زۆر گرێنگتر لەوەی کە هەیە و زۆر بە دەنگتر لەوەی کە ئەنجامی داوە ، نیشان دەدات .

پەیوەندی گەورەتر کردنی کارەکان و دیدی تەسکی روشنبیری وردە بورژوا ، لەو جێگایەدا خۆی نیشان دەدات کە ئەو شتەی لە حاڵەتی بەربەست دەبینێ و لەو شتەی کە بەکردەوە بەربەرستی دەکات دەگاتە تێگەیشتنی دوور لە راستی و لە زاڵ بوون بە سەر راستیدا دیمەنێکی خەیاڵی بە دەس دەدات ، تاکو لە دونیای خەیاڵدا بە سەرێدا زاڵ بێت . بۆیە هەموو شت و هەموو کەس جگە لە خۆی لە بیری نەخۆشی ئەودا ، بچووک ، بێ بایەخ و ناگرێنگن . و هەر ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە خۆیەوە بێت بەرچاو ، گەورە و گرێنگ دەزانێ هەستەکانی بەربەست و حیساباتی خۆ پەرەستانە ، ئەم رۆحە سەرکێشە ئۆتۆپیائیە ئەو وادار دەکات تاکو دژی هەر جۆرە دیسیپیلینێک وەک دیسیپیلینی حیزبی راوەستی و لە خەباتی شۆرشگێرانە تەنیا لە خۆ بوردوویی شەخسی ، و فیداکاری قارەمانانەی تاکەکەسی تێ بگات . ئەو لە زەوی و زەمان بۆ خزمەتەکانی پر بایەخ و گیان فیداکردنەکانی لە خۆ بوردوانەی کە بۆ پرولیتاریا و حیزب ئەنجامی داوە ، داواکار دەبێ . بەڵام ئەم ورە بە رواڵەت یاخیانە ، لەو جێگایە کە بابەتی خۆراگری و پایەداری لە رەوتی خەباتێکی سەخت و دژوار و درێژخایەن پێویست بکرێ ، تووشی لاوازی و بێ کردەوەیی و سستی دەبێ . روشنبیری وردە بورژوا پێ خۆشە گاڵتە بە هەر شتێک و هەرکەسێک بکات . چاو بە سەر هەر راستیەک



داگرێ تاکو خۆی بە باشتر لە هەموو شت و هەموو کەس نیشان بدات . ئەم قارەمانە فیداکارە هەموو هیوایەتی ئەمەیە تاکو بە لە خۆ بوردونەکانی بێ شەهامەت و بە رواڵەت قارەمانانەی بێ شەهامەت ، دەس بداتە کارەکانی تازە و قارەمانانە ، تاکو سەری کەسانیتر سور بمێنێ و ئافەرینی لێ بکەن و لە دونیای خەیاڵدا بە مەشغولیاتی زەمینی خۆیدا ، خۆی ئارام بکات . هەڵگرانی ئەم مەیل و بۆچوونە بە هەر کارێک نە لە روانگەی قازانجەکانی بزووتنەوە و ئامانجەکانی پرولیتاریایی شۆرش ، بەڵکو بە شێوەیێکی ئەساسی لە روانگەی قازانجەکانی خۆیان دەروانن . پێویستیەکانی عەینی و زەینی هەر کردەوەیێک بۆ ئەم کەسانە ، پێویستیەکان و حیساباتی شەخسی خۆیان دیاری دەکات . گرێنگ نیە کە قازانجەکان و ئامانجەکانی شۆرشگێرانەی تەشکیلات چ کار و کردەوەیێک و بە چ رادەیێک لە بەردەوام بوون و تێکۆشان پێویست دەکات . هەر کارێک لە ناوەرۆک دا تەنیا لە بەر ئەوەی گرێنگە کە بێتە هۆی خۆنواندنی ئەو کەسە . پێویستیەکانی بەکردەوەی تەشکیلاتیش تەنیا وەک ئامرازێکن کە بە هێز بوونی بە رواڵەتی ئەو ئاراستە بکەن . بەووتەیێکیتر لەم روانگەیە تەواوەتی تەشکیلات لە خزمەتی کەسانە نەک کەسان لە خزمەتی تەواوەتی سیستەمی رێک و پێکی تەشکیلاتی !

هەروا کە گوتمان ئەندیویدوئالیزم لە کاری تەشکیلاتی سەرجەم بە شێوەی کاری گەورەتر لەوەی کە لە راستیدا ئەنجام دراوە ، خۆ پەرەستی و نارێک و پێکی سەر هەڵدەدات . لە هەواڵی جووڵانەوەیێکی نارەزایی خەڵک بگرە تاکو هەواڵی بڵاوکردنەوەی راگەیاندراوێک کە لە لایەن هێزی روشنبیری وردە بورژوا ئامادە دەکرێ ،بە کورتیدا لە هەر جێگایێک کە گورەپانی چالاکی ئەو بێت ، هەمیشە درۆ و گەورەترکردنی کارەکان وەک عادەتێکی هەمیشەیی خۆی نیشان دەدات و لە هەر جێگایێک کاری رێک و پێک ، رێک خراو و بە بەرنامە بەرەو پێش بچێ ، لە گەڵ ئەودا دژایەتی دەکات . روشنبیری وردە بورژوا بە شێوەیێکی لە رادە بەدەر لە رێک و پێک رێکخراوی پرولیتاریایی را دەکات ! ئەو بە شێوەیێکی بەرچاودا خوازیاری ئازادیەکانی بێ قەید و مەرجی سیاسی ، لایەنگری سەرسەختی ئاشتی چینایەتی و عاشق و شەیدای بێ بەند و باری و بەرەلایی تەشکیلاتیە ! روشنبیری وردە بورژوا بە پلە و پایەی تەشکیلاتی و ئەرکی حیزبی نە وەک بەرپرسایەتی و ئەرک ، بەڵکو بە شێوەیێکی ئەساسی لە روانگەی پلە و پایە دەروانێ . ئەو لە هەر جۆرە ئەرک و بەرپرسایەتێک تەنیا لە ووشەکەی تێ دەگات نەک گرێنگی کار و ناوەرۆکی بەرپرسایەتی خۆی ! ئەم تێگەیشتنە بە رواڵەتە و درۆیە بە نیسبەت بەرپرسایەتی ، کاریگەری بەکردەوەی خۆی بە شێوەیێکی دوور لە راستی تەواو دەکات و

ئەرکیش حاڵەتی بە ڕواڵەت و نەمایشی بە خۆوە دەگرێ . کەسێک کە لە گرێنگی ئەرک ، تەنیا لە ووشەکەی تێ بگات ، دەبێ لە کردەوەدا بە زور و ئیجبار ئاستی کاری خۆی تاکو سنووری ووشە دابەزێنێ و کاری بە ڕوالەت بکات بە شێوە و شێوازی هەمیشەیی کار و چالاکی خۆی . لێرەدا چیتر ناوەرۆکی ئەسڵی ئەرک لە بیر دەچێت و بوروکراسی دەبێتە هەموو هیوایەتی ئەو ! نموونەی بەرچاوی ئەم مەیل و بۆچوونە لە ئاستەکانیتر ، سەرەرای بوروکراسی ، دەتوانین لە مەیل و بۆچوونەکانی یەکگرتنی وردە بورژوایی ، حەز بە دیپلوماسی و پەنا بردن بە سات و سەوداکانی لە سەرەوە و یان دامەزراندنی دەستە و تاقم ، سکتاریزم و کۆر و تاقم دروست کردن ببینین . لە ئاستێکی نزمتر و بەربەست تردا ، روشنبیری وردە بورژوا لەو جێگایە کە لە گرێنگی کار و چالاکی خۆیدا تێگەیشتنێکی نادروستی هەیە ، بە جێگای کار و چالاکی بەرپرسانە ، خۆراگری شۆرشگێرانە و دامەزراندنی پەیوەندیەکانی هاورێیانە ، تورە دەبێ ، تاقەتی خۆی لە دەس دەدات ، ئەرکی سەرەکی و بەکردەوەی خۆی لە بیر دەکات ، ناوەرۆکی راستەقینەی کار و چالاکی خۆی فەراموش دەکات و بە شێوەیێکی زۆر سەیر خەریکی وردەکاری و کاری بە سەمەر دەبێ . ئەم مەیل و بۆچوونە بە دەگمەن لەوانەیە کاری خۆی بە جیددی بزانێ و لە سەری دا بەردەوام بێت . چۆنکە بۆ هەر کارێک لە ڕوانگەی زۆر گرێنگتر و کەم گرێنگتر دەروانێ . هەر ئەرکێک تا ئەو کاتەی کە پێ نەسپێردراوە ، گەورە و زۆر گرێنگ و پاشان بچووک و ناگرێنگ دەزانێ و زۆر تێ دەکۆشێ تاکو ئەو کارانەی بۆ خۆی بە دەس بێنێ کە بە ڕواڵەت گرێنگترن ، تاکو سستی و لاوازی راستەقینەی خۆی بە ناوی بە دوور لە لە راستی کارێک کە بە ئەستوو گرتووە ، قەرەبوو بکات . ئەم مەیل و بۆچوونە هەمیشە دژی خۆی لە خۆیدا پەروەردە دەکات !

بە شوێن پلە و مەقام رۆیشتن دەبێتە هۆی سستی و لاوازی و ئاکامەکەی ئەمەیە کە لە هەر جۆرە هەڵەیێک زۆر بە سەختی دەترسێ و دەست و دڵی لە کاتی کار دەلەرزێ و لە ترسی ئەوەی کە لێ نەهاتوویی ئەو دەربکەوێ ، چارەیێکی بۆ نامێنێ تاکو لە کۆتاییدا ببێتە هێزێکی لە ناوەرۆک دا لاواز و سست ، بێ ئیرادە و مەرایی کەر کە لە بەرانبەر مەسئوولەکانی خۆێدا دەپارێتەوە و بۆ ژێر دەستەکانی خۆیدا ، خەریکی بچووک کردنەوە و هەڕەشە و قسەی زور و شانتاژە . بە بالاّی مەسئوولەکانی خۆی دێت و لێان دەپارێتەوە و پێ خۆشە کەسانی ژێر دەستی ئەویش لێ بپارنەوە و تاریفی زۆری لێ بکەن !

بەلاّم کاردانەوەکانی ئەم مەیل و بۆچوونە تەنیا ئەمانە نین . تێگەیشتنی دوور لە راستی بە نیسبەت ئەرک و بەرپرسایەتی ، هەروا کە گۆتمان بە دوای خۆیدا ئاستی کار و چالاکی



دادەبەزێنێ و بەربەستی دەکات و رێگری رێگای گەشەکردن و پەرەساندنی جوولاّنەوە دەبێ . روشنبیری وردە بورژوا هەروا کە ئەنگلس سەڵماندوویەتی ، « ناتوانێ بە سەر ولاتێکی گەورە حوکم بکات ، هیچ کات ناتوانێ سنووری کار و چالاکی خۆی بە تەواوی بناسێ و بە سەری دا زاڵ بێت . وردە بورژوا سەرپەرەشتی و دەسەلاّتی کەسانیتر بە سەر خۆیدا قبووڵ دەکات تا لە بێ دەرەتانی خۆی دەرباز و ڕزگار بکات ! » .

روشنبیری خو بە زڵ زان بە شێوەیکی ئەساسی هەستی مێژوویی نییە . ئەم هێزە لە بەر بارودۆخ و پەروەردەی چینایەتی خۆی بە پێگەی بەربەستی وردە بورژوایی ، خاوەن ڕوانگەیێک بە ئاسوویێکی بەربەستی فیکریە . ئەو نە تەنیا بە تێگەیشتنی بەربەست نیسبەت بە یاساکانی کۆمەلاّیەتی ، ژیانی حیزبی و هۆکارەکانی پەرەساندنی خەباتگێرانە دەگات ، بەڵکو کاتێک ناتوانێ خۆی لە وەزعی بەربەستی خۆی ئەولاتر ببات ، هەموو هەوڵ و تەقەلاّی خۆی بە کار دێنێ تاکو تەشکیلات لە سنووری تێگەیشتنی خوێدا بەربەست ڕاگری ! ڕوانگەیێک کە هەمیشە و لە هەموو حالێکدا بە وەزعی حاکیم و ئەوەی کە دەبی گۆرانکاری بە سەر بێت ، قەناعەت دەکات و لە درێژەدا خۆی تێکەڵ بە ریفورمیزم و سازش کاری دەبێ . نموونەی بەرچاوی هەڵگرانی ئاوا مەیل و بۆچوونێک ، ئەکسەریەتیەکانی خائین بوون کە بە بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ گرفتەکانی سەرسەختی خەباتی چینایەتی ، سەرپەرەشتی و دەسەلاّتداریەتی بورژوازی قبووڵ کردن تاکو خۆیان لە ژێر باری گرفت و سەختیەکانی خەبات دەرباز بکەن .

نموونەیێکیتری ئەم بیرکردنەوەیە ، هەمان دەستە لە هاورێیانەن کە بە قبووڵ کردنی ڕەخنە گرتنەکانی یەک بە دوای یەک و بێ ناوەرۆک ، لە هەمان حاڵدا کە هیچ جۆرە ئاڵ و گۆرێک لە وەزع و شێوازی کاری خۆیان پێک ناهێنن ، ڕەخنەکان بە خێرایی قبووڵ دەکەن تاکو خۆیان بە دوور لە گرفتی بەرپرسایەتی بە هەڵە پاک نیشان بدەن و یان هەروا ئەو دەستەی دیکە کە بە بێ تێگەیشتنی ورد لە شێواز و پروگرامی رێکخراو ، وەک کوێر هەموو شت قبووڵ دەکەن و یان بە بێ ورد بوونەوە و هەست بە بەرپرسایەتی لە شێوازێکی سیاسی دەگەرنەوە بۆ شێوازێکیتر .

ئەمە تایبەتمەندی هێزێکی کۆمەلاّیەتی رەوانە کە نە جێگای خۆی بە دروستی دەناسێ ، نە دیکتاتۆری پرولیتاریا و سەقامگیری سیستەمی سوسیالیستی بە جیددی دەزانێ و نە خوازیاری ئاڵ و گۆر و گۆرانکاری لە ژیانی کۆمەلاّیەتی کرێکاران و بارودۆخی کۆمەڵگایە . ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر لە ڕەوتی بەرەو پێش چوونی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی و خەباتی بێ وەچانی ناوخۆیی رێکخراوی سیاسی پرولیتاریا ، ئەخلاق و ورەی تاکەکەسی و تاکەرەوی ئەوان سەر

هەڵنەداتەوە و تێکەڵ بە مەیل و بۆچوونەکانی پرولیتری نەبێت ، بۆ دەرەوەی سنووری چالاکیەکانی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا فرێ دەدرێن . ئەمانە بەم شێوەیە ئەگەر نەبنە کلکی بورژوازی کە حەتمی ئاوا دەبن ، لە باشترین حاڵدا جگە لە بێ کردەوەیی ، نائومێدی ، سەر لێ شێواوی و سەر شۆڕی هیچ دەسکەوتێکیتریان بۆ نیە .

روشنبیری وردە بورژوا کاتێک بڕیار لە سەر ساق کردنەوە و پەروەردە کردنی خۆی دەدات زریان دروست دەکات ! ئەو وەک پێشینیانی خۆیدا ، واتە سوسیالیستەکانی خەیاڵی سەدەی هەژدەهەم دەس دەداتە شوالیەگەری تازە و ورەی قارەمانەتی ئەو بۆ جارێکیتر زیندوو دەبێتەوە . مورتاز بازی و ئەنجام دانی کارەکانی سەخت و دژوار ، تایبەتمەندی ئەم شێوە و شێوازەیە . روشنبیری وردە بورژوا بە بێ لە بەر چاو گرتنی هەل و مەرجەکان و جێگا و شوێن و بە بێ گرینگی دان بە ڕەوتی پەرەساندن ، بە ئەنجام دانی کارەکانی سەخت و تاقەت پڕوکێن ، پێش لەوەی کە کەس گەرایی بە مەرگی سرووشتی دا بمرێ ، ئەو دەکوژێ تاکو بە ووتەی ئەنگلس لە ئەندیویدوئالیزم شەهیدێک دروست بکات تا درێژە بە ژیانی ئەو بدات . ئەو هەندێک جار بە شێوەی کرێکاران دەر دێت و لە کارخانە و مەزرا خەریکی کار کردن دەبێ تاکو بە شێوەکانی میکانیکی و دەسکرد خۆی « پرولیتریزە » بکات و مەیل و بۆچوونەکانی تاکەکەسی لە خۆی دوور بکات ! مەیل و بۆچوونێک کە تاکو ئێستا بە دوای کارەکانی داهێنەرانە دەرویشت تاکو لە خۆی تاریف بکات ، لێرەدایش بە بێ گۆرینی هەموو هەل و مەرجەکان و زەمینەی چالاکی دەس دەداتە کاری پاک نیشان دانی خۆیدا !

دەبێ بزانین تەنیا ئەو کاتە کە روشنبیری وردە بورژوا لە هەر لایەکەوە لە لایەن تایبەتمەندیەکانی پرولیتری گەمارۆ درا بێت ، تەنیا ئەو کاتەی کە یاساکانی ژیانی حیزبی دیسیپلینی پۆڵائین و بێ ئەم لاو ئەو لای پرولیتری ئەوی لە هەر لایەکەوە خستە ژێر زەخت و گوشار ، ئەو کاتەی کە ڕێگای دەرباز بوونێک بۆ وەڵامدانەوە بە مەیلەکانی تاکەکەسی نەبێت و زەمینەیێک بۆ سەرهەڵدانی نەبێت . بەڵێ تەنیا ئەو کاتەیە کە روشنبیری وردە بورژوا ئەگەر ریزی چینی کرێکار بە جێ نەهێڵێ ، مەیلەکانی تاکەکەس گەرایانە لە وجودی ئەو لاواز دەبێ و بەرە بەرە لە ناو دەچێ و تێکەڵ بە مەیل و بۆچوونەکانی پرولیتری دەبێ ! ئەم مەسەلەیە لەو جێگایەدا گرینگە کە بزانین ئەندیویدوئالیزم تەنانەت لە نێوان سەرجەم کرێکاران و بە تایبەت کرێکارانی کە لە کۆمەڵەکانی بچووک و مام ناوەندی بەرهەم هێنان کار دەکەن ، بە شێوەیکی بنەڕەتی وجودی هەیە ، بەڵام نە وەک تایبەتمەندیەکانی چینێک ،



بەڵکو بە شێوەیکی تایبەتی و تاقانە لە ئەفرادی کرێکار و خاوەن مەیلەکانی تاکەکەسی سەر چاوە گرتوو لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی حاکیم دا .

تەنیا لە هەل و مەرجێک کە بزووتنەوەی چینی کرێکار لاواز بێت ، بیر و بۆچوونەکانی کۆری و تاقمی و بۆچوونەکانی ئەندیویدوئالیستی پێک دێت ، ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار دەبێ لە گەڵ هەموو مەیل و بۆچوونەکانی پاشماوە لە دەورانەکانی ڕابردوو پەیوەندی خۆی بپچڕێ و لە گەڵ هەر جۆرە شێوەیکی تاکەکەسی گەرایی و سەرهەڵدانی ئەندیویدوئالیزم هەڵس و کەوتی خۆی بە جوانی دیاری بکات تاکو بتوانێ ئەرکەکانی خۆی وەک حیزبی چینی کرێکار بە جیددی بوون ، لێهاتوویی و بەردەوام بوونی بێ وێنە بە ئەنجام بگەێنێ . تەنیا بە پەرەپێدانی حیزب لە ڕێگای ئەفرادی پرولیتریە کە دەتوانین هەموو ئاسەوارەکانی کۆر و تاقم گەرایی ، هەڵس و کەوتەکانی شەخسی ، کەس گەرایی و ئەخلاقیاتی تاکەکەسی لە ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا لە ریشە هەڵکێشین . تەنیا بە ڕێک و پێکی و دیسیپلینی تێگەیشتووانە ، ئیرادەی پتەو و ویستی پۆڵائین دەتوانین خەباتی سەرکەوتووانە بەرەو پێش ببەین و بە بڕوایکی تەواو بە ئامانجەکانی تەشکیلات ، خەباتی سەر سەختانە دژی سستیەکانی وردە بورژوایی بە ئەنجام گەیاند و لە گەڵ بە کار هێنانی ئالۆزترین شێوەکانی ڕێکخستن لە هەر هەل و مەرجێک دا ، هێزی داهێنەرانە و خوڵقێنەری پرولیتاریا لە دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێ نیشان بدەین و ئیمان بە ئارمانجی پرولیتاریا لە بەردەوام بوون لە سەر ئوسولی تەشکیلاتی لە هەموو زەمینەکان پتەو کرد . ئەمانە قەد ناکرێ مەگەر لە ڕێگای ڕێک و پێک بوونی تێگەیشتووانە و ڕەخنە گرتن لە هەر جۆرە بە دوای ڕووداوەکان دا رۆیشتن و چاو پۆشی لە لاوازیەکان و کەم و کۆریەکان .

خاڵی بەرانبەری مەیل و بۆچوونەکانی تاکەکەسی گەرایانەی بورژوازی و مەیلەکانی دواکەوتووانەی وردە بورژوازی ، بیر و بۆچوونی پەرەئەستێنەری پرولیتاریایە ، بە تایبەتمەندی کاری کۆمەڵایەتی ، و بەرهەمی خەباتەکانی گشتی و یەکگرتنی پرولیتاریایی . ئەویش نەک لە سنووری ولاتێک ، بەڵکو لە ئاستی جیهانیدا و یەکگرتنی ئەنترناسیونالیستی لە گەڵ چینی کرێکاری سەرانسەری جیهان دا ! یەکگرتنێکی مەزن کە لە شکستەکانی کاتی بە شکستی هاوبەشی ئەوان و لە سەرکەوتنەکانی مەزن بە گۆرانکاری شۆڕشگێرانەی نەک قازانجەکانی ئەم یان ئەو مرۆڤی کرێکار ، بەڵکو تەواوەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەگات . یەکگرتنێکی پایەدار کە کۆمەڵگای نوێی سوسیالیستی بە سەر وێرانەکانی سیستەمی چینایەتی دا دەمەزرێنێ و سیستەمێک کە لەوێ دا نە تەنیا تاک تاکی کرێکاران ، نە تەنیا خۆدی

پرولیتاریا ، بەڵکو هەموو چینەکانی بێ بەشی کۆمەڵایەتی رزگاری خۆیان بە دەس دێنن . پرولیتاریا بە بێ پێک هێنانی ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە ژیان و چالاکی خۆی ، ناتوانێ ڕۆڵی میژوویی خۆی بگیرێ .

پرولیتاریا خەبات دژی بورژوازی هاو رێک لە گەڵ ژیانی خۆی بەرەو پێش دەبات .

وردە بورژوازی بۆ دەس پێ کردنی خەبات یەکەم دەبێ ژیان بە شێوەی ڕابردوو بە جێ بهێلێ . وردە بورژوازی بۆ رزگار کردنی مان و نەمانی خۆی لە خەتەری لە ناو چوونی مێژوویی روو دەکاتە خەبات . لە حاڵێکدا لە ناو چوونی ئەم ژیانە سەرکەوتنی پرولیتاریایە .

کەس گەرایی رەنگدانەوەی چالاکی ئابووری لە سەر ئەساسی پاوانخوازی و خاوەن مڵکایەتی تایبەتیە ، و ورەی و ئەخلاقی کۆمۆنیستی بەرهەمی یەکگرتنی پرولیتاریا لە دوژمنی دژی خاوەن مڵکایەتی تایبەتیە . یەکگرتن و یەک دەستی لە ناو ریزەکانی حیزبی سیاسی چینی کرێکار ئاکامی یەکگرتنی پرولیتاریایە . بەڵام سکتاریزم ، فراکسیونیزم و ورە و ئەخلاقی کۆر و تاقمی ، بەرهەمی تاکەکەس گەرایی و بێگانە بوونی وردە بورژوازی بە نیسبەت یەکگرتنی پرولیتاریایە . یەکگرتن و هاوپشتی ، رێکخراوی سیاسی پرولیتاریا بە هێز دەکات ، بەڵام دووبەرەکی و تاکەکەس گەرایی حیزب لە ناو دەبات ! یەکگرتنی تەشکیلاتی کرێکاری سەرجەم ئەو هێزانە نی‌یە کە لە ژێر چەتری دیسیپیلینی پەیرەوی ناوخۆیی لە تەشکیلاتێک کۆ بوونەتەوە ، یەکگرتن و هاوپشتی لە نێوان هێزەکانی حیزب بە مانای پەیوەندی زۆر نێزیکی هێزێکی پێشرەوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی چینایەتی پرولیتاریا و لە هێلی پەرەئەستێنەری کۆمەڵگا ، لایەنی خۆیان دیاری کردووە . پەیگیری ، خۆراگری و لە سەر خۆ بوون بە مانای بەردەوام بوونی شێوازێکی دیالکتیکیە کە وەرگرتنی تاکتیکەکانی جۆربەجۆر لە هەل و مەرجەکانی لە حاڵی ئاڵوگۆر و جۆربەجۆری بزووتنەوەی چینی کرێکار ، لایەنی دیاریکراو و ئاسوو و دیمەنێکی دیاریکراو تێپەر دەکات . خۆدی بوونی پرولیتاریا لە رێکخراوی سیاسیش لەو جێگایە کە بە پشت گەرمی خەباتەکانی ڕاستەوخۆ ، روو بە روو لە گەڵ ئورگانەکانی سەرکوتگەری بورژوازی و لە گەڵ متمانەی خەباتگێرانەی کۆمەڵانی کرێکار تێکەلاوە و لەو جێگایە کە لە توانایی و شەهامەت و تێگەیشتن بەهرەمەندە ، پاکە لە هەر جۆرە خۆ پەرەستی و پێویستی نی‌یە بە تاکەکەس گەرایی ! ئەم هێزە لە گۆرەپانی خەباتی مێژووئیش سەرکەوتن نەک لە نیوەی رێگادا ، بەڵکو لە کۆتایی رێگای خۆی و لە ڕەوتی جووڵانەوەی پەرەئەستێنەری مێژوو ئەدۆزێتەوە . هێزێک کە لە هەر شکستێک نە دەترسێ ، نە تێک دەشکێ و نە تووشی بێ کردەوەیی دەبێ . بەڵکو هەر شکستێک دەکاتە هێزیکی زۆرتر لەوەی



کە پێش تر خاوەنی هەبووە و لە ئەودا ئەزموونەکانی تازە وەر دەگرێ . بۆ پرولیتاریایێک کە تا ئەو کاتەی بورژوازی نەرووخێنێ و تا ئەو کاتەی لە زنجیری چەوساندنەوە ڕزگار نەبێت ، ئاسووی رزگاری و ئازادی بە چاو نەبێنێ ، هەر شکستێک لە بورژوازی مانایێکی جگە لە تەجرووبەی زۆرتر و هەر نشێوێکی شۆرش مانایێک جگە لە کۆکردنی هێزی ئامادەتر و تەداروکی هێزی سەرەوەتری نی‌یە و جگە لە ورەی شۆرشگێرانەی بە هێزتر و پاڵپشتی بە متمانە بە خۆی زۆرتر شتێکی دیکە ئاکامەکەی نی‌یە !

ئەمە تەنیا روشنبیری وردە بورژوایە کە لە جەژنی سەرکەوتنەکانی پرولیتاریا جلی میوانی لە بەر دەکات و لە کاتی شکستەکانی کاتی دا لە یەکەمین کەسانێکە کە ریزەکانی خەبات بە جێ دێڵی !

روشنبیری وردە بورژوا کاتێک کە خەباتی پرولیتاریا شکست دێنی ، بە هەموو ڕق و بێزاری خۆی بە نیسبەت بورژوازی و نائومێد لە سوسیالیزم و سەرکەوتنی شۆرش دا دڵ سارد دەبێ و چارەیێکی بۆ نی‌یە جگە لەوەی کە رازی ببێتە وەزعی داسەپاوە ، رێزەکانی خەبات بە جێ بهێڵێ و بە داهێنانەکانی تیئوریکی تازە و نوێ بەرەو ماڵەوە بە رێ بکەوێ ، تاکو رۆژێکی نوێ بە رازانێکی نوێ وەک کیسەڵ سەر لە لاکی خۆی دەر بهێنێ و لە یەکەمین دەرفەت دا بە خۆ نواندنی هەرچی زۆرتر دیسان بێتە ناو ریزەکانی خەبات . ئەمە سەرهەڵدانی تاکەکەس گەرائیە بە شێوەیێکی دیکە !

رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار سەر و کارێکی لە گەڵ ئەم هێزە سست و نا ئومێد کارە نی‌یە . ئاوا کەسانێک هەزار جار باشترە کە ریزەکانی پرولیتاریا بە جێ بهێڵن و هەر چی زووتر خۆیان لە شەڕی بێ موبالاتیەکانی خۆیان لە پەیوست بوون بە رێزەکانی خەباتی کۆمەڵانی کرێکار ڕزگار بکەن !

ڕاکیشانی ئاوا کەسانێک لە نێوان رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار ، نە تەنیا قازانجی نی‌یە ، بەڵکو حیزب لە گەڵ زۆر خەتەری ترسناک روو بە روو دەکات ، بە هیچ شێوەیێک نابێ گرێنگی بدەینە ڕادەی ئەندامانی حیزبی سیاسی چینی کرێکار . رێکخراوی سیاسی پرولیتاریا هەرگیز نابێ دەرگاکانی خۆی بە سەر کەسانی بێگانە لە چینی کرێکار و « شۆرشگێرانی » تازە لە رێگا گەیشتوو بکاتەوە . کەسانێک کە لە ئاخرین ساتەکانی شۆرش دا هاتوونەتە ناو ریزەکانی خەبات و یان ئەوانەی کە لە کاتەکانی هەوراز و نشێوی بزووتنەوە ، ریزەکانی پرولیتاریا بە جێ دەیڵن ، لە نێوان حیزبی پرولیتاریا هەرگیز جێگایێک بۆ ئەوان نی‌یە و ناتوانن متمانەی چینی کرێکار بە نیسبەت خۆیان بە دەس بهێنن . روشنبیرانی وردە بورژوای تازە کار و دوو دڵ ،

واتە ئەو کەسانەی کە هەر کات بیانەوێ دێنە ناو ریزەکانی پرولیتاریا و هەر کات نەیانەوێ ئەو ریزە بە جێ دێڵن و یان بۆ جارێکیتر دەگەڕێنەوە ، هەرگیز ناتوانن و نابێ حیزبی سیاسی پرولیتاریا متمانەیان پێ بکات .

ئەمانە کاتێک کە شۆڕش نێزیک دەزانن و یان دەرفەت و مەجاڵێک بۆ خۆ نواندن پەیدا دەکەن ، شۆڕشگێرانی هەرا و هوریا دار دەبن و کاتێک کە ڕێگای شۆڕش زۆر سەخت و دژوار ، درێژ و پڕ لە هەوراز و نشێو دەبینن ، لە پاشەکشە کردن پاش هەر پێش ڕەوێک و شکست پێش لە هەر سەرکەوتنێک ، روو دەکەنە ئۆپۆرتۆنیزمی ئاشکرا و ریزەکانی حیزب بە جێ دێڵن . لە هەمان کاتدا سامەکانی بێ کردەوەیی ، پووچی و تاکەکەس گەرایی لە نێوان کەسانیتریش بڵاو دەکەنەوە .

حیزبی سیاسی پرولیتاریا تەنیا دەبێ لە نیوان هێزێک ئەندام وەر بگرێ کە نە تەنیا زۆر بە جیددی و سەرسەختانە لە بەرانبەر هەر جۆرە کۆسپ و گیر و گرفت و سەختیەکان لە پێشەوە ڕاوەستاون ، بەڵکو بۆ سەرکەوتن بە هەموو لە خۆبردوویی و جیددی بوونی شۆڕشگێرانە بۆ خەبات هەستاون . حیزبی سیاسی پرولیتاریا ، دەبێ هێزی خۆی لە نێوان هێزەکانی بەڵێندەر و پایەدارێک بدۆزێتەوە کە هەر چی زەمانی خەبات درێژ خایەن تر و هەر چی ئاسووی سەرکەوتن دوورتر بێت ، هێز و خۆراگری و بەڵێن و ڕاوەستانیان لە سەر بیر و بڕوایان زیادتر بێت و بە بێ دوو دڵی و گۆمان و سستی چالاک و جیددی بوون و چالاکیەکانی خەباتگێرانەی خۆیان زۆرتر بکەن . پرولیتاریا ئەو کاتەی کە بە هێزی مەزن و یەکگرتووی خۆی ، زریانی قورسی شۆڕش بە رێ دەخات خۆی بە شێوەیێک ڕێکخستن و یەکگرتنی ئێرادە بە دەس هێناوە . ڕۆڵی پێشرەو لە هەل و مەرجەکانی ڕاوەستان و کز بوونی بزووتنەوەیە کە گرێنگی تایبەتی پەیدا دەکات . لە تایبەتمەندیەکانی شۆڕشگێرانەی پێشرەو هەستی یەکجار زۆر و حەزی ئەو بە کاری رێک و پێک و بەردەوام لە هەل و مەرجەکانی کز بوونی بزووتنەوە و ساڵەکانی ساردی درێژ خایەنە .

ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار دەبێ لەو کادێرانەی پێک بێت کە لە هەر بارودۆخێک مرۆڤی کار و کردەوە و چالاکی بن و لە سەرەوەی هەر جۆرە هەل و مەرجێک دا ، خاوەن بڕیار و بە هێز شێوازی خەباتگێرانەی بێ وەچانی حیزبی خۆیان لە ژیانی هەمیشەیی خۆیان بەرێوە ببەن . لە بەرانبەر ئەم هێزەدا ، ئەو مرۆڤانەن کە تەنیا قسە دەکەن . واتە ئەوانەی کە لە هەل و مەرجەکانی دڵخواز بە دوای ئەرکەکانی دڵخوازن . ئەو هێزانەی کە بە گشتیدا نە بەرهەمی پراتیکی خەباتگێرانە ، بەڵکو پەروەردەی کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئاکادمیکن کە لە دەرەوەی



گۆڕەپانی شەڕی چینایەتی و خەباتی بە کردەوەی پرولیتاریا ، لە نێوان کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئاکادمیک خەریکی پەروەردەی مارکسیستی بوون . ئەم تاقمە تا ئەو کاتەی کە وەفاداری و ورەی شۆڕشگێرانەی خۆیان بە کردەوە نەسەلمێنن ، ناتوانن لە لایەن ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا وەر بگیردرێن .

لینین دەڵێ :

« حیزبی سیاسی چینی کرێکار دەبێ کەسانی کە تەنیا قسە دەکەن لە ئەو کەسانەی کە بە کردەوەن جیا بکاتەوە . ئەگەر دە کەس بە کردەوە نەبنە ئەندامی حیزب باشتر لەوەیە کە یەک کەسی کە تەنیا قسە دەکات ببێتە ئەندامی حیزب ! »

بە کورتی‌دا ، هێز و دەسەڵاتی حیزب لە پتەو بوون و پاک بوونی ئەو دایە . هێزی حیزب تەنیا لە یەکگرتنی ئایدولۆژیکی ئەودا نی‌یە ، بەڵکو لە یەکگرتنی بە کردەوەی کۆمەڵەی ئەندامانی ئەویشە . ئەم یەکگرتنە بە کردەوەیە لە سێبەری ئاستی بەرزی ڕێکخستن واتە ڕێکخراوی حیزبی ، وەدی دێت . حیزبی سیاسی چینی کرێکار نە بەرهەمی مەیل و بۆچوونەکانی تاکەکەسی کرێکاران ، بەڵکو بەرهەمی چالاکی یەکگرتووانەی کرێکارانی گەشە کردووێکە کە لە گەورەترین ناوەندەکانی پیشەیی و گونجاو لە گەڵ گەشەی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان ، لە پێشکەوتووترین ناوەندەکانی پیشەیی ، تایبەتمەندیەکانی تاکەکەسی خۆیان لە دەس داوە و ورەی یەکگرتوو و پێکەوە گرێ دراوێک بە دەس هێناون .

تەنیا لە نێوان پرولیتاریای پێشکەوتووی پیشەئیە کە حەز و مەیل بە خاوەن مڵکایەتی و قازانجەکانی وردە بورژوایی جێگایێک بۆ سەرهەڵدان پەیدا ناکات و بە جێگای ئەودا ، ورەی پرولیتری سەر هەڵدەدات . ئەمە تەنیا هەل و مەرجەکانی کار و شوێنی ژیانی پرولیتاریایە کە کرێکاران پەروەردە دەکات و ئەوان دەخاتە ئەو بیرە تاکو ئامرازەکانی ڕزگاری خۆیان بدۆزنەوە . ئەم ئامرازە شتێک نی‌یە جگە لە حیزبی ئەوان .

گەشە کردنی تەکنیک و کەڵک وەرگرتن لە ماشینەکانی گەورەی پیشەیی بە شێوەیێکی روو لە زیاد بوون جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی کار لە ناو دەبات و لە داوێنەی بەرهەم هێنان دا ، جۆرەێک لە یەکسانی لە نێوان هەموو کرێکاران دادەمەزرێنێ .

هەل و مەرجەکانی ژیانی پرولیتاریا زۆرتر لە پێش دا ژیانی وەک یەکتر و هەل و مەرجی یەکسان دەخوڵقێنێ . ئەم هەل و مەرجە یەکسانەی ژیانی مادی ، زیادەخوازی و تاکەکەس گەرایی لە وجودی پرولیتاریا لە ناو دەبات و ورەی یەکگرتن و هاوپشتی لە ئەواندا بە هێز دەکات . لە گەڵ گەشە کردنی مەزنی پیشە و کاری بە کۆمەڵی مەزنی کرێکاران ، پرولیتاریا

بە پێچەوانەی کرێکاری فابریک ، تەنانەت خەیاڵی وەستا کار بوونی بە مێشکی خۆی ڕێ نادات ، چ بگاتە گەیشتن بە پلە و مەقامی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بوون ! مەزن بوونی بەرهەم هێنانی گەورە ، یەکگرتنی خەباتگێرانە و بچووک بوونی چالاکی تاکەکەسی و خەباتی تاکەکەسی دژی خاوەن کار و دەزگای سەرکوتی ئەو ، هەر جۆرە ورەی ئەندیویدوئالیستی لە وجودی کرێکاران لە ناو دەبات ، پیرۆز نەبوونی خاوەن مڵکایەتی دەسەڵمێنێ و هەموو ئەخلاقیاتی کۆمەڵگای کۆن کە وەک تاکەکەس گەرایی و یان بڕوا بە کار و چالاکی تاکەکەسی سەرێ هەڵداوەتەوە ، فرێ دەدات . ورەی یەک بوون لەم چینە ئاوا بە سەر ژیانی ئەو حاکیم دەبێ کە چیتر جێگایێک بۆ سکتاریزم و تاقم بازی ، خۆپەرەستی و بیر و بۆچوونەکانی کۆر و تاقمی ناهێلێ . حیزبی کۆمۆنیست دەبێ هێزی چالاکی خۆی لە نێوان کرێکارانی پێشرەو و خاوەن تێگەیشتنی چینایەتی هەڵبژێرێ . ئەم هەڵبژاردنە نە تەنیا توانای جەنگاوەر بوون بە حیزبی سیاسی دەبەخشێ ، بەڵکو دەبێتە هۆی یەکگرتنی هەر چی زۆرتری هێزەکانی ئەو و تایبەتمەندی و ئەخلاقیاتی کۆمۆنیستی لە ناو حیزب بە هێزتر دەبێ . حیزبی پرولیتاریا دەبێ هەموو سەرەنجی خۆی بداتە پرولیتاریا و چالاکی خۆی لە نێوان چینی کرێکار و لە نێوان هێزی شۆرشگێری پرولیتری ڕێک بخات . بەڵام هێزێک نە تەنیا لە نێوان سەرجەم کرێکاران و ڕاکیشانی تاکەکەسی ئەوان . ئەمە هەڵەیێکی زۆر گەورەیە کە زۆربەی هاوڕیانی کۆمۆنیستی ئێمە تووشی دەبن . ئەوان وا بیر دەکەنەوە کە یەک نەفەر کرێکار ، تەنیا بە هۆی کرێکار بوونی پاکە لە هەر جۆرە مەیل و بۆچوون و ئەخلاقیاتی ناپرولیتری و هەموو تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی لە وجودی خۆیدا کۆ کردووتەوە . ئەمە قەد دروست نییە . کرێکارانی تاکەکەس هەرچەند بە لە بەر چاوگرتنی بارودۆخی چینایەتی و ڕۆڵی تایبەتی خۆیان لە بەرهەم هێنانی کۆمەلایەتی ، بە نیسبەت توێژەکانی وردە بورژوازی توانای ڕاکێشانی زۆرتر لە زەمینەکانی گونجاوتر بۆ وەرگرتنی ئایدولۆژی مارکسیستی و بە کار هێنانی ئەویان هەیە ، بەڵام ئەوانیش تا ئەو کاتەی کە لە ڕێکخراوی سیاسی خۆیان و یان لە پێکهاتەکانی کرێکاری نەبنە خاوەن ئەزموون و تەجرووبە و لە گەڵ ورەی گشتی پەروەردە نەکرا بن ، لە فەرهەنگی چینایەتی کۆمەڵگای کۆن بێ بەش نین .

هەروا کە گوتمان بۆ دامەزراندنی حیزبێک بە کوڵەکەکانی قایم و کادێرەکانی خاوەن تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی ، حیزبێک کە لە ناو ئەودا جێگایێک بۆ ڕوانگەکانی فراکسیونی کۆر و تاقمی و نارێک و پێکی نەمێنێ ، دەبێ هەنگاوەکانی قایم هەڵگرین و تەشکیلاتێک دروست بکەین کە زامنی سەرکەوتنی یەکجاری و ئاخرینی پرولیتاریا بێت .



ئێمە دەبێ حیزبی چینی کرێکاری ئێران پێک بێنین . بۆیە بۆ پێشەوە بۆ دامەزراندنی پەیوەندیەکان لە سەر ئەساسی بەرزترین تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی حیزبی و چۆنیەتیکی بەرز و بەردەوام !